


شای شاعیرانی لاهوت و زانایی و خۆشەویستیی کورد

لە چەرخی نۆزدەهەم دا

بە پێ نووسی

# ا . ب : هەوری

بە یاریدەی وەزارەی کاروباری ژوورو / بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی

گشتی کوردی چاپ کراوە

چاپخانەی کاکەی فەللاح - سلیمانی - ت ٨٩٩

# مەولـــــــەوی

شای شاعیرانی لاهوتو زانایيو خۆشەویستیی کورد

لە چەرخی نۆزدەهەمدا

بە پێنووسی

## ا. ب. هەوری

١٩٧٢/٣/٥ ز

بەیاریدەی وەزارەتی کاروباری ژوورو / بەڕێوەبەرایەتي خوێندني
گشتی کوردی چاپ کـراوە

چاپخانەی کاکەی فەللاح ــ سلیمانی ــ ت ٨٩٩

## « سەرەتا »

بەپێی باسەکە کە لێ کۆڵینەوەی هۆنراوەی شاعیرێکی مەزنی چەرخی نۆزدەهەم مەولەوی یە وا ئەزانم باکەمو کورتیش بێت ئەگەر هەندێك بەگشتی لە هۆنراوە بدوێم زیانی نی یەو بەڵکو دوور نی یە سوودی هەبێت .

شیعر = هۆنراوە : کە بریتی یە لە دەربڕینی راستی هەستی مێشكو دڵو دەروون لەکاتی رێکەوتو رووداوو کارەسات دا بەو شەو رستی لەسەر کێسی تایبەتیو خاوەندی دووایینەو مۆسیقا دارو مەعنا وردو بەرزو ناسك . زانایانی خۆی لەو باوەڕەدان کە لە پێش پەخشانی هونەریو چیرۆكو لقەکانی تری وێژەوە پەیدا بووە جالەبەر ئەوەی زۆر پەیوەندی بەژیانەوە هەیەو ئاوێنەی نـاوچەو کۆمەڵی مرۆڤ نوێنە ، وەك بلیخانۆف ئەڵێت هونـەرمەند شێوەی ژیانی چینو چەرخی خۆی نیشان ئەدات ، هەندێکی تر ئەڵێن کە ئەدەب ژیان خۆیەتی . بەم سەبارەتە ژین لە سەرەتای مێژووەوە تائێستە چەند گۆڕاوە ئەمیش ئەوەندە گۆڕانی بەسەردا هاتووە .

وێژەی هەر نەتەوەیەك بە ئەندازەی پلەی پێشکەوتنی یاسـاو شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو رامیاریو ئەڤینو دڵداریو نەریتی ئەو نەتەوەیە پێشکەوتوو یان دوواکەوتوو ئەبێت ، بەڵام بە شێوەی گشتی هۆنراوە بەمەڵبەندو هەوارگەی کلاسیکیو رومانتیکیو رەمزیو زۆر قوتابخانەی بچوکی تردا تێپەڕیوە تا ئەمڕۆ گەیشتۆتە

مەلبەندی هۆنراوەی ( واقیعی نوێ ) و جارێ لەم هەوارگەیــەدا بەزیوە کە ئەبێت وێژە بەهەموو جۆرەکانیەوە کە هۆنراوەش بەشێکە لەوان بۆ گەل بێت و لەناو جەرگەی گەلەوە هەڵقوڵێت و بەزمانێك بنووسرێت سەرەڕای ڕۆشن بیران هەموو کرێکارو جوتیارێك لێی تێبگات ، بەڵگەشمان بۆ ڕاستیو دروستی ئەمەلنین کە پێشەوایەکی گرنگەو خاوەنی بیروڕای باوی ئەم چەرخەیە لەم یارەیەوە ئەڵێت ( وێژە ئەبێت ڕاستی چونیەتی باری ژیانی کۆمەڵایەتی گەل نیشان بدات بۆیە پێویستە بەرهەڵستی بەرهەمی خراپ بوەستین با هینی تۆلستوش بێت و یاریــدەی بەرهەمی باشیش بدەین باهیــنی ناحەزەکانیشمان بێت ، ئەدەب بۆگەلە ئەبێت گەل لێی تێبگات ، ڕۆشن بیری پرۆلیتار ڕووەکێك نییە لە بۆشایی هەوادا ڕوابێت ، بەڵکو لەسەر بنجی کۆنی هەڵ ئەداتەوەو جۆرێکی ترگەشە ئەکات ، هەموو کۆنێك خراپ نییە تا بڕوخێنرێت و لەناو ببرێت ) .

ماوتس تۆنگ لە پەڕاوی وێــژەیی یەکەیدا ئەڵێت : (ئەدەبی بۆرژوازی ئەدەبێکی ناسكو بەرزە بەڵام وەك شتەکانی تریان هەر تایبەتیە بۆ چینێك ، ئێمە لە هەڵوێستی شـــۆڕشدا حەوەجێمان بە ئەدەبێك هەیە وەك شۆربا ئاسان و هەرزان دەست هەموو کەسێك بکەوێت ) .

قسەی ئەم دوو پــیاوە مەزنە خوێــندەواری بەڕێز ئەوەمــان تێ ئەگەیەنێت کە ئەدەبی واقیعی نوێ ئەبێت گیرو گرفتی کۆمەڵی

مرۆف و داماوو چینی چەوساوە وا دەرخات و لەکاتی خوێندنەوەیدا بە ئاسانی هەموو کەس تێی بگات ، ئەگەر بەرهەمێك وا نەبێت هەر ناوێکی لێ بنرێت بە هیچ ئەچێت و بێ سوودە و دووری خاوەنەکەی لە شاعیری و وێژەوانانەوە وەك دووری ئاسمان و رێسمانە لە یەکەوە .

سلیمانی - هەوری

# مەولەوی

# کێیە ؟

لە هەر ڕۆژو ، وەرزو ساڵو چەرخێکدا کاتێك ئاشـنایان و دۆستان و شـارەزایانی وێژەی هەر زمانێك بیانەوێت لە لایەکەوە تامەزرۆو تینوێتی ئەدەبی خۆیان و مرۆڤی هاوزمانیان بشکێنن و لە لایەکیشەوە گەورەترین و بەرزترین شاعیریان دەست نیشان بکەن ئەبێت خۆیان وێڵی بیابان و هەردەو کۆسارو دەشت و لالەزاری پەڕاوو گۆفارە چاپ کراوەکان و دەست نووسەکانی ئەو نەتەوەیە بکەن و تەقەلاو کۆششێکی بێ پسانەوەی یەك لەسـەر یەك بدەن تا بتوانن شاعیرێکی ئەوتۆیان بدۆزنەوە کە لە یەکێك زیـاتر لە مەبەست و گۆشەکانی ژیـان بە هۆنراوە گەیشیبێتە نـزیك پۆپەی تەواوی و هۆنراوەی لە هەموو کوڕێکدا ویـردی زمـانی گشت کەسێك بێت و بەپێی چەرخ و یاسـای ڕۆژ ڕووەو پێشکەوتن ڕۆیشتبێت ، چونکە بابەت و مەبەستەکانی هۆنراوە ، وەك دڵداری خۆشەویستی ، وەسف ، ئامۆژگاری ، شین ، شایی ، سـروود ، نیشتمانی ، رامیاری ، شانۆیی و مرۆڤی و زوری تر کە لە ژمارە نایەن .

جا بەم سەبارەتە تا ئێستە لەم ڕووەوە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا واتە لەناو گەلانی دراوسێماندا کە هەزار ساڵ پترە خزمەتی زمان و

ئەدەبەکەیان کراوەو ئەکرێت هەرهەوڵێك درابێت بەفیرۆڕۆیشتووەو نەگەیشتونەتە ئەو ئامانجە کە بتوانن بڵێن فیسارە شاعیرمان لەفیسارە چەرخدا لە هەموو بابەتەکانی هۆنراوەدا دەستي باڵای بووە لەبەر ئەوە یەکەم شاعیری چەرخي خۆیەتي ، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە شاعیرە بەرزە ناودارەکانی ئەم نـــاوچەیە هەریەکەیان لە یەك دوو بابەت جۆری شیعردا توانای تەواویان بووەو تەنیا ئەوهۆنراوانەیان سەرەڕای چەند جار چاپ کردن دەماو دەمیش هاتوون و لەجێگەی تایبەتی دا سوودیان لێ وەر ئەگیرێت و لەبیرنەچوو نەتەوەو ناچنەوە .

کەچی ئەگەر لە ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەهەمدا لەکاتێکدا لەبەر باری نالەباری رامیاری و فڕوفێڵی داگیرکەر بۆ نەهێشتنی زمان و ئەدەبي کوردی لەسەرانسەری کوردەواریدا کە سەرچاوەکاني وێژەی کوردی وەك کــوێرە ( کــانی ) چلەی هاوین کەویش دەنووکی لێ تەڕ نەدەکردن ، ئا لەوکاتە نەهات و شەوەزەنگی ئەدەبەدا لەبەر نەبوونی دەسەڵاتی بێ گانە لە هەرێمەکەدا سەبارەت بە هێزی میرە کاني هەورامان و دەسەڵاتی پاشا کانی جاف و پایەی بلندی ئایینی شێخەکاني تەوێڵەو بیارە سەرنجێك لە پلەی وێژەی کوردی بدەین لە هەورامان و دەوروبەریدا شاعیرێك وەك ئەســتێرەیەکی گەشی شەوق دار لە ئاسمانی ئەدەبەکەدا بەرچاو ئەکەوێت و لە ئاســۆی شاخەکانەوە پڕۆۆێك تۆڕ ئاسا بە هەر چوارلادا بەرەنگێك ڕیشك ئەهاوێژێت لە مزگەوت و تەکیەوخانەقاو دیواخان و کۆڕوهەوارگەو

شایی‌و شین وسەیرانگە وبەزم ومەیخانەکاندا چونیەك سوودیان لی وەر ئەگرت ، جەزبەی دەرویش وسوفی لە تەکیەو خانەقا ،سوزی دلداراني مەیي وگەردن وملی مینای جام شیوەنی گولی ناوەخت هەل وەریوی بەهار ، نرکەی پرسوزی شەوان بێدار ، چریکەی لاواني دەشت‌و کێو ، جریوەی بولبولی نبمچە کناچـەی نشێو ، ئاهوو هەناسەی دل بریندارانی شەو ، قریوەی سەرچۆ ڕێ کێشی رەشبەلەکی شایی سروشت ئەمانە هەموو گشت بەئاوازی نەوانایا بێ هۆنراوەی ئەو ئەهاتنە جۆش وخورۆش وهەر یەکەیان لە جێگەی خۆیدا بەلەرەو نەواو مۆسیقاو مەعنای تازە داهێنراوی ئەو بازاڕیان ئەهاتە برەو .

ئەم شاعرە دەسەلات دارە هەلـکەوتووە بەرکەوتـووە لە هەموو بابەتەکانی هۆنراوەی باو لەو چەرخەدا بەدانایی وبلیمەتی خۆی هەر زوو شوولي قەفەزی ئەدەبی کلاسیکي هەلکێشاو لەت و پەت کردوو پەیوەندی پابەندی یەك بووني دووایینەی چامەو چەکامەی پچڕاندو سەر بەست وئازایانە وبێ باکانە لەسەر کێش وچەشنی کوردی مەلی ئەندیشەو خەیالی لەئاسمانی هۆنراوەدا ئەوتە جلوە وجەولان و بەگوڕو تاوو هەلمەتیك بەهەلگێڕانەوەی تەشبیهو داهێنانی گوزارە وچەمکي نوێ ونـاوەرەی وردی تیژی نیشـان پێکەرو جیناسی لەفزی و لەجێگەی خۆیداو بەکار هێناني بابەتەکانی بەلاغەت ئەدەبی رۆمانتیکی ورمزی گەیاندە نزیك تەواوی ولەزۆر جێگەشدا لەریرەوی هۆنراوەی باو لەم رۆژەدا نزیك بووەوە ،

ئا بەم جۆرە ئەم زانا بلیمەتە شـیوەو ریبازی ئەدبی کوردی پیش خستوە ئەم شاعیرە دانایە هـموو ژیانی هاورێ وهاورازو هاو دەمی هەواران ولێ قەوماوان بووە لەلای ئەوهەوارهەرهەواروداماوە. کەی ؟ کوێ ؟ لەیەکتریان جیا ناکاتەوە ، هەرگیز نەی ویستووە پایەی زانیاری و وێژەی بۆ بەرژەوەندی تـایبەتی خۆیی و نـان نـزم بکاتەوە کە ئەمە بەرزترین و پیروز ترین رەوشتی شـاعیری بەرزی هەڵکەوتووە . زۆر جارچارەساز کردنی کاری هەواران کەوتۆتە جمو جۆڵ و رێگەی دووری بریوەو تکای بۆ کردوون لەلای پاشـاکانی جاف ومیرەکانی هەورامانی وکار بەدەستانی سەنەندوج واتـە سـنە ئەگەر دەیەکی ئەمانەی بۆ خۆی بکردایە زەوی وزارو سـامـانی زۆری پێکەوە ئەنا بۆ خۆیی وهۆنەوەی پاش خۆی .

ئەم کەسە هەڵکەوتووە زرنگ وزیتە کە لەئـاینیش دا پیریـکی دەست گیرو لە زانستیدا روشن بـیرو ئامادە وەڵام و نیکتەزان و ژیرو تیژبیرە ناوی مەلا عبدالرحیم کوری مەلا سعیدە نازناوی لە هـۆنراوەدا ( معدوم ) ە کە بـۆ یەکەم جار غلام شـاخانی والی سەنەندوج ناسی هەرچەند خوشی دۆست خوایەکی وێژەوخاوەند بەهرەی ئەدەبی بوو بەڵام لەسەرەتاوە لەبەر جیاوازی مەزهەبی ئایینی مەلا عبدالرحیمی خۆش نەویست لە کۆرو جەرگەکانی وێـژەیدا پلارو تانەو تەشەری تێدەگرت و ئەی ویست بەستیک دروست بکات لەبەردەم ناوبانگی هونەرو دانایی و دەسەڵاتی بێ سنووری لە وێژەو زانیاریدا . وەلێ کاتێك بۆی دەرکەوت هەر بەستێك ئەو دروستی

بكات با پتەویش بێت لافاوی ناوبانگی هونەرو دانایی هونراوەی مەلا عبدالرحیم وەك پووش و پەلاش راپێچی ئەكات ئەوساكە بە ناچاری هەولی دا لێی نزیك ببێتەوە بۆیە ئاهەنگێكی كەم وێنەی بە ناوازەی بۆگێڕاو لە بەردەم هەموو زاناو داناو شاعیرو ئەدیبەكانی ناوچەكەدا نازناوی مەولەوی بە شانازی یەوە بە رەسمی پیشكەش كرد .

مەلا عبدالرحیمی مەلا سعید لە خێزانێكی ئایینی و لە دارایی دا هەژار لە سالی ١٢٢١ كۆچی دا لە ئاوایی سەرشاتە لە ناوچەی تاوگۆزی بەشی عێراق هاتۆتە ئەم جیهانەلایەك تاریك و شەوەزەنگەو لایەك رووناك و خورەتاوە بریقەدارەو هەر لەویش لە تەمەنی ٧٦ سالی دا كە چەند سالێكی دووایی تەمەنی بەنابینایی رابواردە كۆچی دوایی كردووە .

هەموو خوێندنی لە مزگەوتەكانی كوردستان دا بەنەبوونی و برسێتی و رەش و رووتی لەلای مەلا كوردەكان تەواو كردووەو ئیجازەی وانە وتنەوەو مەلایەتی لەمزگەوتی مەلكەندی لەلای مەلا عبدالرحمن ی نوتشەیی كە ئەوحەلە موفتی سلیمانی بووە وەرگرتووەو بووە بە مەولەوی یەك گۆی هونەری هۆنراوەی لە تەسەوف لاهوت دا بە مەنتیق لە ( عیلمی كلام ) دا بردەوەو لە شاعیریدا گەیشتە پایەیەك هەر هۆنراوەیەكی لەهەر بابەتێكدا بگرێت یەكەمی یەكتایەو چامە و چەكامەكانی وەك دەریایەك وان پڕن لەبەردی گران بەهاو دوڕوگەوهەری شەوچرای ئەدەبی بویە هەر زەلامێك

بە زۆریش بخرێتە یەکێك لەو دەریـــایانەوە با مەلەوانیش نەبێت و ناشیانەش پەل بکوتێت ئەگەر نەخنکێت کە هاتە دەرەوە هەر شتێ نایاب و بایەخ داری وێژەیی بەدەســـتەوە دێت . بەم ســـەبارەتە مەولەوی لە چەرخی نۆزدەهەم دا شاي شـــاعیرانی کورد و زاناو شاعیریکی ناوداری خۆرهەلاتی ناوەڕاستیشە ، بەلگەی ســـەلماندنی ئەمەمان بەرهەمە عەرەبي و فارســـیەکانیەتي کە تا ئێستە مەولەوی ناساني قاهیرەو تاران لە ڕاستی وردیو قوولیو بەرزیو پیرۆزی هۆنراوەکانی سەریان سوڕماوە . ئەوەی ســـەرنج رائەکێشێت لە هۆنراوەکانی مەولەوي دا ئەوەیە :-

یەکەم :- لە هەندێك جێگەدا هەلبەستەکاني دووسێ گوزارەیەکی تەواو دروست ئەکەن نەك هەر تاقە هەلبەستێك بۆ خۆی .

دووەم :- لە بەکار هێـنانی وشـــەی بێگانە هیچ دوو دلی و سەرپێچی نەکردووە .

سێیەم :- هەندێ هەلبەستی بە چەند جۆرێك نووسراوەتەوە .

لێرەدا ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەتوانین یەکەمیان دابنێـین بە شێوەیەکی تایبەتی بەخۆیەوە چونکە هەرشاعیرێك شێوەیەکی تایبەتیو ڕێبازێکي خۆی هەیە کە هـۆنراوەکانی پـێی ئەناســـرێتەوە ، بۆ وەلامي دووەمیان بەهۆی بڕەوی ئایینەوە لەوچەرخەدا بەکارهێنانی وشەی عەرەبی زۆر باوبووە هەرچەند ئەم لەم ڕووەوە شـــتێکی کردووە کە تا ئەو حەلە بێجگە لەشاعیرەکاني ناوچەی هەورامان ئەوەندەی من بیزانم هیچ شاعـــیرێکی کوردی تر نەی کردووە ،

وشە عەرەبی یەکانی وا تێك داوەو گـۆڕیوە کە لەگەڵ یـاسـاو دەستووری زمانی کوردی‌دا بگونجێن بۆنموونە : عالەمی کردووە بە ئالەمو طالعی کردووە بە تاڵە .... هتد .

سێیەمیان :ـ کە نووسینی تاقە هەڵبەسـتێکیەتی بە چەند جـۆرێك ئەمەیان هیـچ پەیوەندی‌یەکی بە خۆیەوە نی‌یە بەڵکو دوای خـۆی بە هۆی دەماو دەمو دەساو دەسەوە وایان بەسەرهاتووە .

پاش ئەوەی بەم رەنگەی من توانیم نەك وەك ئەو خۆی چۆنە مەولەویم پێشکەش کرد ئیتجا ئەمەوێت بەپێی توانا لە هەندێك لە هـــۆنراوەکانی بـــدوێم کە زۆربەزەحمەتی ئەزانم چـونکە ئەترسم وەك پێویستە تیایا سەرنەکەوم . جا لێرەدا ڕەنگە هەبێت ئەم پرسە بکات و بڵێت : ئەی کەواتە بۆچی لەمەولەوی ئەدوێت لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەڵێم : دوو هۆ ناچاری کردم بونووسین یەکەم بە تاوانی ئەزانم بەگشتی باسی ئەدەبی کوردی بکرێت و ناوی مەولەوی نەبرێت کە تا ئێستە گەلێك جار ئەم جۆرە باســە رووی داوەو بیرای ناوی مەولەوی لە کوولەکەی تەریش‌دا هاتبێت ، جا نەك ئەمە هەر لەبەر نەشارەزایی نووسەرەکان بێت بە پلەی بەرزی مـــەولەوی لە ئەدەب داو بەلکو هیچ نەبێت ئەم نووسینە ببێت بە هاندەرێك بۆ ئەوانەی لافی ئەدەب دۆستی کورد لێ ئەدەن نەختێك زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و هەندیك باشتر و لەسەرخۆتر لەدەریای ئەدەبی مەولەوی بەتایبەتی ورد ببنەوە ، ئەمەم لەگەڵ ئەو خوێندەوارانە نی‌یە کە ئەڵێن جا چی بکەین لەهۆنراوەی

مەولەوی تێ ناگەین چونکە زمانی هەورامی نازانین . تەنیا ئەوەی ئەمەوێت بەم جورە خوێندەوارانەی راگەیەنم ئەوەیە زمانی هەورامی زمانێکی سەربەخۆ نی یە بەڵکو یەکێکە لە شێوەکانی زمانی کوردیو سەرنجیان رائەکێشم بۆئەوەی کە خوێندەواران و زانایانی نەتەوەکانی تر توانیان نووسینی بزماری و هیروغلیفی بخوێننەوەو شارەزای زاراوەکانیان ببن ئیتر نازانم ئەمان بۆچی نازانن زمانەکەی خۆیان بخوێننەوە کەچي لافی ئەدیبیش لی ئەدەن . وەڵامی ئەمە مەگەرهەر خۆیان بیدەنەوە .

دووەم بیرو باوەڕی خوم بەرامبەربەپایەی بی پایانی ئەدەبی مەولەوی بەجورێك هەر کەسێك لە هەر کاتێك داو لەهەر کوێیەکەوە دەستی بو درێژ بکات شتی نایابو بەنوخو بایەخداری بەدەستە وە دێت لەگەل ئەوەشدا تەنیا لەهەندێك لەوهۆنراوەکوردیانە ئەدوێم کە سەرنجیان راکێشاوم لە رووی گوزارەو چەمك و بابەتەکانی بەلاغەت و پێ شوبهانن و داهێنراوی تەرو تازەو ئاودارو بە پێز ونەواشیرینن ئەگینا پێ نانێم بەو پشکۆیەداو بڵێم لەبابەت بەرهەمە عەرەبی و فارسیو ● کوردیەکانیەوە

---

● ماموستا مەلا عبدالکریمي مدرس کە دیوانی مەولەوی کو کردوتەوەو بەشێوەیەکی جواني زانایانە لەسەری نووسیوەو چاپی کردووە لەسەرەتاکەیدا لەلاپەرە (ط) دا ئەڵێت مەولەوی بی جگە لەدیوانە کوردیەکەی ونامیلکەیەکي فارسي ئەم نووسینانەشي لە عیلمی کلام دا هەیە بەشیعر :

قسه ئەکەم چونکە ئەوە دەسەلاتێکی تەواوی دانایی وداراییی ئەدەبی

---

١ ـ الفضیلة کەبریتیبە لە ٢٠٣١ شـیعری عەرەبي زۆر بەرزو بەم هونراوەیە دەست پی ئەکات :

بسم الله الرحمن الرحیم

من تاه فیه نهیة الحکیم

٢ ـ العقیده المرضیه کەبریتی‌یە لە ٢٤٥٢ شیعری کوردی ولە لایەن محي الدین صبری النغیمی یەوە لەمیسرچاپ کراوە کەئەمە یەکەم هەڵبەستیەتی

زوبدەی عەقیدەو خولاصەی کەلام

هەرلە تۆ بۆ تۆس حمدو ثنای تام

٣ ـ الفوائح کە ٥٢٧ شیعری فارسي یە هەر لەگەڵ کوردیەکەیدا چاپ کراوە ئەمە یەکەم شیعریەتی

چودرخودبینم ازبس روسیاهی نگنجدای الهی یا الهي

ب ـ ماموستا علاءالدین سجادی خـاوەندی مێژووی ئەدەبی کورد لە لاپەرە ٢٧٥ دا لەباسی مەولەوی دا ئەڵێت : عـقیده مرضیەکەی مەولەوي بەکوردی وفارسي لە میسر چاپ کراوە ، عقائـدیکي بە شیعری عەرەبی زۆر بەرز هەیە کەسەرەتاکەی بەم هەڵبەستە دەسـت پی ئەکات : کە لە راستیدا شیعری ٣٤ هەمە لە الفضیله

متي متي حتی أتی علیه

من أین أین ینتمی الیه

ح ـ من خۆم کوردی و فارسیەکەی کە چاپ کراون دیـومن لە لای ماموستا سید عارف مدرسی مزگەوتي خومخانە لە سلیماني عەرەبیەکەشي دانەیەکي لە لای ماموستا مەلا عبدالکریمی مدرسه .

و کاتیکی فراوانی ئەویت کە نەلەوزەی مندان و نەبۆشم هەل ئەسووریت ، ئەوە ئەبێت ئەنجومەنێکی ئەدەبی وزانستی بەماوەیەکی زۆر پێکی بێنن .

لێرەدا ئەبێت ئەوە بیري خوێندەواراني بەرێز بخەینەوە کەمەولەوی لە خێزانێکی ئاییني بەناوبانگە وخۆشی پێرێکي دەست گیروزانایەکی ئاییني هەلکەوتوو بووەو لەچەرخێکی لاسەنگت بەلای ئایین و ناوچەو کۆرێکی گرنگي تایبەتی دا ژیاوە . گومان لەوە دانی یە کە ئەم هۆو سەبارەتانە کاري گرنگیان کردۆتە سەر نەفسیەتی ئەم مەزنە لەگەل ئەمەشدا بەهۆنراوە زۆر جار لە چوار چێوەی لاەایی هاوی جێگەو چەرخەکەی دەر چوە کەئەمە نیشانەي زیرەکي و دەسەلاتی بەرزیەتی لە ئەدەب داو بۆشمان دەر ئەخات کەخاوەندی بیرێکی ئازاو نەترس بووەو زۆریش پێش هۆنەرو زانایاني کوردی چەرخی خۆي کەوتووە بەتایبەتي لەهۆنراوەدا بەسە بونیشانەی بەرزي ئەدەبی مەولەوی کە پیرەمیرد وگۆران دوو شاعیری هەلکەوتوی ئەم چەرخەن لە هۆنراوەکانیانەوە پیشەوەیی وشیوەوکیش ریبازی ئەو بەئاشکرا دیارن .

دووای ئەمە ئنجا ئەچینە سەر ئەو هونراوانەي کە لێیان ئەکولینەوە وەئەمیش لەپیشەوە ئەکەین بەدوو بەشەوە .

یەکەم :

ا - « کاري وێژەیی پێچەوانەی وێژەوانان »

ئەوەی لەلای هەموو کەسێك ئاشـکرایە ئەوەیە لە رووژێکەوە کە گیان دار لەسەر ئەم زەویە پەیدا بووە خوشویستی هـاتۆتە کایەوەو کارێکی گرنگی کردۆتە سەر یاساو نەریتی ژیان و بەرەو پێش بردوویەتی‌و لە پلەی شارستانیەتی ئەمڕۆوسۆزیشدا هاوبەشە . ژیان بەبێ خوشەویستی وەك کاروانیکی بەبی کڕین و فرۆشتن گەڕاوە بو دواوە وایە . خوشەویستی زور جوری هەیە خوشەویستی ئەڤین‌و دلداری ، خوشـەویستی دایك‌و باوك‌و منـدال‌و کەس و کار ، خوشەویستي خوا پەرست و ئایین ، خوشەویستي راست‌و نیشتمان پەروەری ، خۆشەویستي دیمەنی جوان‌و رووی قەشەنگ‌وناسك‌و چاوی خومارو لەنجەو لارو گەلێکي تریش . بەلام خوشەویستی راست‌و رەوان لەناو هەموياندا ئەو جۆرە خوشەویستیەیە کە کەسەکە خوشەویستیەکەی خوی لەلا لە هەموو دانەیەکي لە جوری خوی لە پەسەندتوبێ ، ئەگەر مرۆف بوو ئەبێت وەك‌خوی بەلکو پێشترو باشتر تەماشای بکات و بەتەنگیەوە بێت بەم سەبارەتە شـاعیرو ئەدیبەکان هەر کەسیان خۆی یان ئەندامێکی بە جوان ترین شت کە بگونجێت ، شوبهاندووە وەك ڕووی بە پەڕەی گوڵ . ڕوومەتی بە مانگ ، چاوی بە نێرگس‌و زوڵفی بە تاریکی و ڕەشی شەو ، باڵای بە عەرعەرو شمشاد ، وە لە بەرامبەری خۆشـەویستەکەیدا خۆی بە کەساس و بێ دەسەڵات نواندووە بەڵام لەبەر ئەوەی کە دیارە ئەبێ پێ شوبهێنراو بەهێزترو بایەخدار تر و جوان تربێ لە پێ شوبهێن بۆیە مەولەوی بەم یاساو ڕێبازە قایل نەبووەو هاتووە دەرگایەکـی تری

کردۆتەوەو بە پێچەوانەی هەموو شاعیرەکانەوە ئەم ئەڵێت :

گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
بەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان

واتە :- گوڵ وەك ڕووی خۆسەویستەکەی من نەزاکەتو جوانی پۆشی ،لافاوی بەفری تواوەو باران وەك فرمێسکی چاوی من خرۆشان لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین کە مەولەوی دەستورێکی بەلاغەت کە ڕێ ڕەوی هەموو شاعیرو ئەدیبەکانە تێکی داو یاسایەکی تری لە پێ شوبهاندنا هێنایە کایەوە کە زۆر لەوی پێشوو بە ڕێو جێ ترە چونکە خۆشەویستی ڕاست ئەبێت وابێت وەك ئەم ئەڵێت :

ب ـ تا ئێستەش هەموو شاعیرو نووسەرو زاناو داناودڵداران کردەوەی فەرهاد بەکردەوەیەکی نەبینراو ئەزانن و زۆری پەسەند ئەکەن و بە شانازی‌یەوە ئەی گێڕنەوەو ناوی ئەبەن بەڵام مەولەوی هەرچەند بە کردەوە یەکي کەم وێنەی ئەزانێت کەچی پەسەندی ناکات چونکە وای نیشان ئەدات کە فەرهاد یان خۆی کاڵ و کرچ بووە یان خۆشەویستی و دڵداریەکەی تفت و ناپوختە بووەو نرخی تەواوی نەداوە بە عەشق و دڵداری بۆیە ئەڵێت :

هیچ کەس نەواچۆ (١) وە (٢) فەرهاد رەندەن
نەقش شیرینش نە رووی سەنگ کەنـدەن(٤)●

دەك ریزان دەس باوەڕ [٥] جەگیان [٦] سەندەن
کێ ئەڵماس نەرووی دیدەی ویش[٧] شەندەن [٨]

هەر بە هۆنراوە واتە :

کەس نەڵێت فەرهاد ئازاو نەبەردە
شێوەی شـیرینی هەڵکەند لەو بەردە

● هەندێك ئەڵێن ئەم چوار خشتەکیە هینی شـاعیری بەناوبانگ خانای قوبادیە بەڵام چونکە وتنەکەیان هەردەم بڕوبێ بەڵگەیەو لە هەموو سەرچاوەکاندا هەر بە هینی مەولەوی نیشان دراوەو شێوەی مەولەوی زۆر بەئاشکرا تێدایە بۆیە ئەو وتنە بێ مایەو پوچ ئەزانین ، هەندێکی تریش ئەڵێن لە حافظی شیرازی وەرگیراوە ئەمەش پیشەی ئەو جۆرە کەسانەیە کە هەمیشە لە مووسەدان بۆکەم کردنەوەی نرخی زانایانی کورد کە هیچ نەبێ ناڵێن ( توافقی خاطرە ) .

١ـ نەواچۆ = نەڵێت ٢ـ وە = بە ٣ـ رەند = دیوانەی زیرەك
٤ـ کەندەن = هەڵی کەند .

٥ـوەر = بەر ٦ـجە = لە ٧ـویش =خۆی ٨ـشەندەن =وەشان

دەك دەستی بشكێت بەر لە گیان كێشان
كێ چەكوشی لە ناو چاوی خۆی وەشان

مەولەوی لێرەدا لەو باوەڕەدایە ئەگەر خۆشەویستی فەرهاد بەرامبەر بە شیرین بگەیشتایەتە پلەی تەواوی لەگەڵ خۆي دا ئەبوون بە یەك دڵو گیان ئەوسا دیارە كەس دڵی نایەت چەكوش بكێشێت بە ناوچاوی ● خۆی یان خۆشەویستەكەیدا بەو ناوەوە كە گوایە وێنەكەی ئەكێشێت .

ج - ئەوەی هەموو كەسێك ئەی زانێت دووای مانگی رەمەزان كە مانگی یەك شەوەی شەشەڵان بێنرا مسوڵمانەكان ئەي كەن بە جەژن بە ناوی جەژنی رەمەزانەوە كە لە راستێ دا مانگەكەي كە هۆي كردنی جەژنەكەیە مانگی شەشەڵانە نەك رەمەزان . سەیر كەن مەولەوی بەم بۆنەیەوە چی ووتوو چۆن چۆنی نەزانی كەسان و بێ وەفایی یاران نیشان ئەدات :

---

● بۆ سەلماندنی ئەم بیرەی مەولەوی پیرەمێرد بە ناوی خاتوزینەوە ئەڵێت :

خەنجەر بۆ دڵە گەر ڕاستت ئەوێ
ئاخ مەمی تیایە نەك بەری كەوێ

ئاخ من و شەوال (١) هەردوو هـــام فەردیم
هەردوو گـــرفتار ئێـــشی یەك دەردیم

غوڕەی(٢) ئەو قیـبلەی من وە یەك تارەن (٣)
وە نام ئێمەو کـــام (٤) ئەغیارەن (٥)

دەردینە (٦) شـەوال ئای زام سـە ختە من
تاڵە (٧) شـووم شەواڵ ئـای بەد بەختە من

غوڕە غوڕەی ئەو سەفاش پەی (٨) غە یری
ئـــازیـز قیبلەی من وەفـاش پەي غە یـــری

واتە : ئاخ من و شەشەڵان هەردووکمان هاوڕازینو هەردووکمان گـرفتاری یەك ئێشو ئازارین ، چونکە مانگی یەك شـەوەی ئەو قیبلەی من یەك جۆرن ، خێرو خۆشیان بۆ خەڵقەو دەرد و ئازاریان بۆ ئێمەیە ، بە ناو هینی ئێمەن کەچی بەمەرامو کامی بێ‌گانە و خەڵقی ترن .

ئەمە جوانترین وردەکاري ئەدەبی باوە لەڕۆژوزەمانی مەولەوی‌دا کە بێ وەفایی دولبەر نیشان ئەدات ، زۆر لە ئەدیبەکان هەمیشە

١ـ شەوال = شەشەڵان ٢ـ غوڕە = مانگی یەك شەوە
٣ـ تار = جـۆر نەوع ٤ـ کام = مەرام . ٥ـ ئەغیار= بێ‌گانە
٦ـ دەردینە = دەردەدار ٧ـ تاڵە = طالع ٨ـ پەی= بۆ .

هاواریان لە دەست رەقیب بووەو هەندێکیان لەوباوەڕەدان کە دوور کەوتنەوە لە خۆشەویست خۆشترە لە پێگەیشتن بەلام مەولەوی هەرگیز بەو بەشە قایل نەبووە .

ء ـ مەولەوی کە لە ئایین‌دا مەلایەکی هەلکەوتوو خواپەرستێکی ڕاست‌و سەرگەرمی سەودای پیرو پێغەمەران بووە ئەبو6 وەك وشکە سۆفی‌و کۆلکە شێخەکان هەر لەو باوەڕەدا بوایە کە بەهەشت هەر تەرخانی دەستەیەکی تایبەتیە کەچی ئەم بە پێچەوانەی ئەوانەوە چونکە ڕوای بە گەورەیی و بەخشندەیی و میهرەبانی خرا زور بووە باوەڕی وایە کە خوا ئەوانەش ئەبەخشێت کە یاخـین لە هەندێك فەرمان و پێویستیەکانی ئایین بە تەواوی جێ بەجێ ناکەن ، ئەوبیرو ڕایەی خۆی بەم هـۆنراوەیە دەربڕیوە کە بە بـۆنەی کۆچی دووایی یەکێك لە دۆستانیەوە وتوویەتی کە لە گۆڕستانی سـەید خلیل کە یەکێکە لە پیاو چاکان نێژراوە ، سەید خلیل ئەکات بەئەرخەکە لە لای خوا تکای بۆ بکات ئەمەش کورتەی هۆنراوەکەیە :

یەکێ جە (١) دۆسان بەو زام نـۆوە
سەر نیان وە خاك ئاسـانەی تۆوە
(٢) میهمان غەدی‌و کەرەم سەرای تۆن
موحتاج وەریزەی سـفرەی رجای تۆن

---

١ـ جە = لە ٢ـ میهمان = میوان

دریغی مەکەر ئامان سەد ئامان
مەفەر مامیهمان بێ تۆشە (١) ئامان

یا خلیل دەخیل کێ عادەت کەردەن
تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن

وانە یەکێك لە دۆستەکان بە زامێکی تازەوە هاتە خزمەتتان چونکە میوانێکی غەریبەو موحتاج بە تکای تۆ یە دەخیلم تکای بۆ بکەو مەفەرموو میوانەکەم بەبێ دیاری و توێشوو هاتووە ، خۆت ئەزانیت عاوەت نیە میوان کە چوە مالی دەولەمەندی بەخشندە لە تێشوو بەرەی خۆی نان بخوات بۆیە ئەبێ تکای بۆ بکەیت خوا بەبەخشندیی خۆی لێ ی ببورێت نەك بەکردەوەی میوانەکە .

خوێندەواری بەرێز : ئەگەر ورد سەرنج لە ناوەرەی ئەم چەند هۆنراوانە بدەیت بۆت دەرئەکەوێت لە هۆنراوەکانی شاعیری بە ناوبانگ عمر خیام کە لەم ڕووەوە ووتویەتی پاشکەوتووتر نیە ، تەنیا جیاوازی ئەوەیە عمر خیام ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوا دوواوە بەلام مەولەوی سەید خلیلی کردووە بە ئەرخەو تکا کار لەلای خوا بەلام چۆنکە مەولەوی خۆی پیاوێکی ئاینی بووە بۆیە هەنگاوەکەی ئەم

---

(١) تۆشە = تۆیشوو = ئەونان خواردنەی کاروان لەگەڵ خۆی هەڵی ئەگرێت و لە ڕێگەو بان ئەی خوات .

گرنگ تره وەك لە هینەکەی عمر خیام ●

دووەم :

[ وردەکاری و گوزارەی قووڵ ]

مەولەوی داناو شارەزای ڕێبازی ژیانو ئایینو شاعیری هەڵکەوتووی

● ئەمەش دوو چوارینەی عمر خیامە لەم ڕووەوە کە شاعیری بە بە ناوبانگ شێخ سلام کردوویەتی بە کوردی :

١— بەخشەندەکی تۆ لە عالەم باوە
عاصی لە بەهەشت بۆ دەر کراوە
بەهەشت بە طاعەت لە کوێ بەخشینە
لە گەڵ گوناه دا بەخشین تەواوە
٢— من گوناه کارم رضای تۆ کوانێ
تاریکە دڵم چرای تۆ کوانێ
بەهەشت بەخشینت گەر بە طاعەتە
پێ فرۆشتنە عەطای تۆ کوانێ

خوێندەواري بەڕێز بەسەرنج دانێکی ورد لە شێوەی وتنەکەی خیامو مەولەوی لەیەك گوزارەو بۆ یەك مەبەست بۆت دەرئەکەوێت کە جیاوازی ئەوەیە خیام بەشێوەی تەحەدی ووتوویەتی بەڵام مەولەوی بە شێوەیەکی ناسكو بە تکا ووتویەتی کە ڕەنگە لە ئەدەبدا ئەمیان جوان تر بێت .

چەرخی نۆزدەھەم لە وردەکاری و وێژەیی و ناوەرەی تیژو لقەکانی ئەدەبدا بەڕەنگێك خۆی گەیاندۆتە پۆپەی شاعیرە ناودارەکانی دوای ئەو ھەندێك جار لاسایی یان کردۆتەوەو بە دوای دا ڕۆیشتوون و کەم جاریش لێ نزیك بوونەتەوە . تەماشا لەم دوو تاقە ھۆنراوەدا چی ئەڵێت :ـ

بالەخانەی [١] چەم [٢] دڵ دێوانەی تۆن
بانەناو [٣] وە خاك ئاستانەی تۆن
تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تیشدا
ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا[٤]

پێش ھەمووشتێك ئەگەر باش سەرنجێك لەگوزارەی دوو ھۆنراوەکە بدەین بۆمان دەرئەکەوێت کە بریتی یە لەجۆرە فۆلکلۆرێکی کوردی چونکە بالەخانەکە بە خانوی دوو نھۆم ئەڵێن و جێگەی کەسانی گەورەیە لە ئافرەت و پیاو ، کە خانوش دڵۆپەی کرد لە یەك جێگەدا پێویست بە گێران ناکات بەڵکو زەلامێك ئەچێتە سەربان و پێی ئەسوێت لە جێگەی دڵۆپەکە تا ئەگیرسێتەوە ، لە ھەمان کاتدا ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە مەولەوی ئەوساکە باوەڕی وابووە کە چاو ھەرچی یەکی دی تاپۆی وێنەکەی تیدا ئەمێنێتەوە کە تازە ولاتانی پێشکەوتووی شارستانی ئەیانەوێت تاوان بار بدۆزنەوە بەھۆی

---

١ـ بالەخانە = خانوی دوونھۆم . ٢ـ چەم = چاو .
٣ـ بانەناو = گلەبان ٤ـ تیشدا = لە ناویدا .

وێنەی بەجێ ماوی لە ناوچاوی زۆر لێ کراودا بە تایبەتی کوژەر بدۆزنەوە لە وێنەی بەجێ ماوی لەناوچاوی کوژراوەکەدا . بەڕاستی ئەم بیرەی مەولەوی بەڵگەی نیشانەی زۆر پێشکەوتنیەتی نەك هەر لە ئەدەبدا بەڵکو لە زانستیشدا . ئەمەش مانای دوو هۆنراوەکەیە :

باڵەخانەی چاو کە جێگەی دانیشتنی تۆیە دڵۆپە ئەکات واتە فرمێسکی دووریت ئەڕژێت جا بۆ ئەوەی دڵۆپەکە وێنەکەت لەناو چاوم دا زویر نەکات وەرە پێیەك لە چـاوم بسوو با دڵۆپەکەی بگیرسێتەوە ، دیارە کە چاو پێی پێدا بسووڕێت کوێر ئەبێت واش دەنگ بڵاوە کە چاوی کوێر لە کاتی گریاندا فرمێسکی لێ نایەت کە ئەم جۆرە خۆشەویستیەش مەگەر هەر لە دەست مەولەوی هاتبێت ، دووای ئەمە خوێندەواری بەڕێز تۆش وەرە با بەیەکەوە لە تەك شەماڵ دا بچین بۆ کوێستان بولای دڵبەرەکەی مەولەوی بۆ ئەوەی بزانین چۆن ڕاسپاردەیەکی بە هۆنراوە بە شەماڵدا بۆناردووە ئەوەی لێرەدا جێگەی داخە لە بەر دوورو درێژی ناتوانین هەموو هۆنراوەکە بنووسین تەنیا ئەوانەی ئەنووسین کە شەماڵ لە کوێستان ئەکاتە مەڵبەندو ئاستانەی یار :-

ئەرنیمە [۱] شەوبۆ وەر[۲] نیمە شەوبۆ
نیمە خەو پـــڕ خەو نەنیمە خەو بۆ

---

۱- ئەر = ئەگەر ۲- وەر = پێش

ویت [١] دەر وە نەرمی نەتوی یەمـــانی

ئەو تـورەی مـافی ئـاوی حەیـوانی

ســا ئەوســـا نەخاو چون بێدار مەبۆ

جە ئەوسا ئەوسات ئاشکار مەبۆ

ئەرهەرمەواچێ [٢] واچە[٣] چیش[٤]واچون

وا چۆن [٥] ئید واچە[٦] وە سەرگەردت بون

ئیبتدا [ ٧ ] مەعروز پەی نەزەر وە خەو

ئەروینۆ [ ٨ ] گەرد دەرد دووری ئەو

گەر سەد جارێ بۆنەو دەمانە و دەشت ●

فەرقی نەمەبۆ پەی لوای بەهەشـــت

---

١ــ ویت ــ خۆت . ٢ــ هەرمەواچێ = هەر وتی .

٣ــ واچە = بلێ ٤ــ چیش واچون = چی وت .

٥ــ واچون = بلێ ٦ــ ئید واچە = ئەمەی وت

٧ــ ئیبتدا مەعروز = یەکەم جار نیشان دراو لە ئایینی ئیسلام دا وشترە .

٨ــ وینۆ = ببینێت .

● ١ـ مەلاعبدالکریمی مدرس ئەم هۆنراوەیەی بەم ڕەنگە نووسیوە :

●ــــــ

جارێ لە پێشەوە با لە ناوەرەی هۆنراوەکان تێ بگەین ئەوسا

●——

ئەر سەد جارێ بۆ نەونەمام نەو دەشت
فەرقی نەمە بۆ پەی لوای بەهەشت

٢— پیرەمێرد بەم ڕەنگەی نووسیوە :

سەد جار بوو بە ویر نەو دەمانەو دەشت
فەرقی نەمەبۆ پەی لوای بەهەشت

٣— شێخ فرجی چنارەیی کە زۆر شارەزای مەولەوی بوو بەو جۆرەی بۆ خوێندەوە کە من نووسیومە .

لە دەست نووسێکی کۆندا هەردوو هۆنراوەکە بەم ڕەنگە نووسراون :

ئیبتدا مەرۆز پەی نەزەر وەخەو
گەر وینۆ ساتیۆ دەردی دووری ئەو
بایەك لە خرە بۆ نەو نەمام نەو دەشت
فەرقی نەمە بۆ پەی لوای بەهەشت

لە هەموو نووسراوە جوێ جوێ کاندا مانا هەریەکە، بۆیەك مەبەست ئەچن تەنیا لە نووسینەکەی پیرەمێردا وشەی وێر کە ناوەرەی بیرە جێگەی نابێتەوە بەلاّم ئەوانی تر جیاوازیەکەیان کە ( نەودەم دا یاخود نەونەمام ) کار ناکەنە سەر گوزارەی دوو هۆنراوەکە : شاعیرێکی تر کە نازانم کێیەو هیچ بەڵگەیەکم دەست نەکەوت لە

قسەیان لێ ئەکەین ، مەولەوی بەشەماڵ ئەڵێت: ئەگەر لە نیوەشەودا گەیشتیت یان پێش نیوەشەو گەیشتیت ، یار لەخەودابوو یان لە نیوە خەودا بە ئەسپایی خۆت بدە لە قوماشە یەمانیەی کە وەك تورەی مانی و ئاوی ژیان وایە خۆی پێ داپۆشیوە جا ئەگەر لەو کاتەدا خەبەری بووەو بە ئاگاهات و لێی پرسیت و وتی ( محدوم )

---

بابەتیەوە هەر بە شێوەی هەورامی ئەم مەبەستەی بە یەك هۆنراوە وتووە ، جیاوازی لە هێنەکەی مەولەوی لە جێگەی خۆیدا باسی ئەکەین و ئەمەش هۆنراوەکەیە :

ئانچی مەن ونیام ئەرشتر وینۆ
کافر بێ پەروا پەی جەنەت مەلۆ

کاردۆخی : کە هەندێك تێ بینیم لە بابەت مەولەوی‌یەوە لێوەرگرت دوو هۆنراوەکەی بەم ڕەنگە کردووو بە شێوەی سلیمانی :

حوشتر یەك سەعات بە بینین یا خەو
بچە ژی تالی دەردی دووری ئەو
گورج باریك ئەبێ وەك تاڵی دەزوو
بە کونی دەرزیا ئەچێت زوو بە زوو

فەلسەفەی مەبەست لەلای مەولەوی وەك یەك چوونە بەهەشتی گاورو موسڵمانە نەك چوونی حوشترە بەکونی دەرزی‌یەوە .

چی ئ وت له وەلام دا بلێ ئەی وت : ئەگەر وشتر لەخەودا دەردی سەختی دووری ئەو لە تۆوە ببینێت لەوە دنیا گاور و موسلمان وەك یەك ئەچنە بەهەشت . ئەمە بۆچی وائەبێت چونکە خوا لە قورئان‌دا ئەفەرموێت ( أفلا ينظرون الى الابل كيف خلقت ) کەوابوو مەبەستی مەولەوی لە , ئیبتدا مەعروز ) وشترە ، لە جێگەیەکی تردا خوای گەورە ئەفەرموێت ( أن الذين كفروا باياتنا واستكبروا عنها لايدخلون الجنة حتى يلج الجمل فى سم الخياط ) واتە ئەوانەی سەرپێچی ئەکەن بەرامبەر بە نیشانەو قورئانەکەمان ناچنە بەهەشتەوە تا وشتر نەچێت بە کونی دەرزی‌یەوە . جا لێرەدا مەولەوی مەبەستی ئەوەیە ئەگەر وشتر بە خەویش ئیشی مەولەوی چاو پێ بکەوێت لە بەر دووری خۆشەویستەکەی لە غەمدا ئەوەندە باریك دەبێت ئەچێت بە کونی دەرزی‌یەوە ئەوسا کە مەرجەکەی قورئان دێتە دی ، دیارە ئەمە مەحاڵەو نابێت بەڵام هیچ مەحاڵێك لەبەر خەیاڵی بەرزی مەولەوی لە ئەدەبدا خۆی نەگرتووە ، ئیتر ئاسۆی بیرهەر ئەوەندە فراوان‌و کراوە ئەبێت .

دووای ئەوەی ئەمەمان زانی ئینجا با بێینەوە سەر جیاوازی ئەم دوو هۆنراوەیەو تاقە هۆنراوەکەی ترکە لەپێشەوە وتمان هەریەکێك لەم‌دوو شاعیرەمەزنە لەم جێگەیەدا ئیمتیازی تایبەتی هەیە ئیمتیازی شاعیرەنەزانراوە کە ئەوەیە کەبەیەك هۆنراوە بیرەکەی خۆی دەربڕیوە هەرچەندۆزینەوەی مەبەستەکەی زۆر زەحمەت تـــرە . بەڵام مەولەوی ئیمتیازەکەی ئەوەیە کە ئەڵێت ئەگەر وشتر بە خەو ئەو حاڵەتە ببینێت لە گەڵ

ئەوەشدا بەڵکەی دۆزینەوەی ما.اکە کە ئیشارەتە بۆ دوو ئایەتەکە ئەم داویەتی بە دەستەوە کە ئەم جۆرەیان لە ئەدەبدا برەوی زیاترەو بەرزتر دەرئەکەوێت بە تایبەتی مەولەوی لەم بابەتە هۆنراوانە قووڵو ناسكو تەڕو پاراوی زۆرە تەماشاکە لەم تاقە هۆنراوەیەدا چی کردووە :ـ

ڕوخسارەش وەختی مەسقەل مەدۆلیش
وە شنوی پاریز خەیـــاڵ مەبو ریش

واتە کاتێك دەم و چاوي هەڵ ئەگرێتو ئارایشی ئەکات بە شـــنەی پاریزی خەیاڵ بریندا ئەبێتو ئەرووشێت .

ئەوەندەی من لە ئەدەب بزانم بەرزیو موبالەغە لێرەدا گەیشتۆتە ئەو پەڕی چونکە شـنەبێ و شنەی خەیـاڵ بێت بە پـارێزیش بۆی بچێت هێشتا برینداری بکات ئەوە هەر ئەبێت ڕوومەتی خاتوعەنبەر بێ ، وە ئەبێت مەولەوی هەر لەم جۆرە بابەتی هۆنراوەیەدا دەستی باڵای بووبێت سەیر بکە چۆن چۆنی بەکەسانی رائەگەیەنێت کە گۆێی گران و چاوی کزبووە :

پۆس کووس گۆش نم کیشان کەم کەم
ئی سەرەو سەرەن دوور بینەکەی چەم

واتە پێستی تەپلی گوێم ورد ورد شێی هەڵ هێـــناوە دوور بینی چاویشم ئەم سەرەو سەرە . ئەوەی ئاشکرایە کە پێستی تەپڵ شێی کێشا ئیتر دەنگی نایەت و دووربینیش کە ئەم سەرەوسەر تەماشای

پێ بکرێت شتی نزیك دوور ئەخـــاتەوە . ئا بەم ڕەنگە مەولەوی لە ئەدەبدا یاسای تەپڵ و دووربینمان پێ ڕاگەیەنێت و مەبەستی خۆی کە گوێ گرانی و کزی چاوە هەرئەخات ، هەروەها دووای گوێ گرانی و چاو کزی بەم تاقە هۆنراوەیەش پێمان ئەڵێت کە پـــیر بووەو چەماوەتەوە ئایا سەبارەتەکەی چی یە ؟

خەم بیم [۱] یانی های پێـم مەدۆ خەبەر [۲]
نە دەرگـــای هەستی تەشـــریف بەر ئەو بەر

واتە چەماوەتەوە کە نیشانەی ئەوەیە پێم ئەڵێت لە دەرگای بوون هەستیدا فەرموو بڕۆرە دەرەوە یانی بمرە جا لێرەدا مەولەوی چەمانەوەی پیری وا لێك ئەداتەوە کە چۆن مرۆڤ بە تایبەتی جاران کە دەرگاکان نزم بوون کاتێك بکەیشتایە بەر دەرگا یەك خـوی ئەچەمانەوە بۆ ئەوەی بچوایەتە ژوورەوە ، ئەم ئەڵێت چەمـانەوەی پیری بۆ ئەوەیە بە ئاسانی بچیت بە دەرگای نەبوون و گۆڕەوە . وا ئەزانم لێرەدا جوانی لێك هانەوە ( حسنی تعلیل ) لە ئەدەبداگەیشتۆتە دووا هەوارگەی خۆی .

مەولەوی هۆنراوەی وردەکاری ئەوەندە زۆرە ئەتوانرێت بەئاسانی چەند بەرگێکی لەسەر بنووسـرێت ، لەبەر ئەوەی بەم نامیلکەیە ئەمە هەڵناسوورێت بۆیە ئێمەش وا ئیتر واز لەم جۆرە هـۆنراوەی دێنین ، بەڵام شتێـکی تری هەیە کە لە پێش ئەودا لە هۆنراوەی

---

۱ـ خەم بیم = چەماوەتەوە ۲ـ پێم مەدۆ خەبەر = خەبەرم ئەداتێ

کوردیدا من ئەم دیوە ئەویش ئەخەینە بەرچاوی خوێندەوارانی بەڕێز کە ئەمەیە دوایینەی نیوە هەڵبەستی یەکەمو سێیەم ، و دووەم و چوارەم یەکن زۆرتر لە خۆر ئاوادا بەکار هێنراوەو لەم چەرخەدا لە هونراوەی کوردیش‌دا بڵاو بۆتەوەو ڕوو لە برەوە .

مەولەوی لە ناوەڕاستی برە هۆنراوەیەکدا کە لە سەر شێوەی خۆرهەڵاتی دەستی پێ کردووە لە پڕ ئەڵێت :

مەنعـم مەکەردی کرانەن دەردم
ئەرشیو یا بـۆ قـافیەی فەردم

فەریاد چە شورەی ئەرزچارەی مـن
هەر سەوزەی مراد مـن نادیارەن

داد چە هەوای شووم بە دەستارەی من
هەر ئەو گوڵاڵەی من نە پیوارەن [١]

یا وەلوەلەی دەف سا دەروێش جۆشی
بەو سـەدای ریشەی دڵ ئاشنا وە

---

١- پیوار = خاك

یا جۆشی سەمتوور موترب خروشی
چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە

بەڵ سەوز بیۆ توم ئارەزووەکەی دڵ
های چەمە دەخیل شەوی شەونمێ

بەڵ ڕوو بنمانۆ ئەو نازك نەو گوڵ
دەمە نەسیمێ وادەی سوب دەمێ

---

لەبەر ئەوەی گوزارەی هۆنراوەکان ئاشکرایە لێك دانەوەی ناوێت

## سییەم :

# مەولەوی
# و
# خاتو عەنبەری خێزانی

مەولەوی لە هۆنراوەکانیەوە وا دەرئەکەوێت کە خاتو عەنبەری خێزانی کارێکی گرنگی کردۆتە سەر هەست و بیرو سۆزی بەتایبەتی پاش ئەوەی بووە بە هاوسەرو هاوبەشی ژیانی بەزۆری لەوە ئەچێت کە کوورەی هەستی هۆنراوەی بە مووشە دەمەی جوانی و تەمکین و وێڵی خاتو عەنبەر دەمێن رابێت و هاتبێتە جۆش و خرۆش ، بەڕاستی لەوە ئەچێت کە خاتو عەنبەریش شاژنی زەمانی خۆی بووە بۆیە بەو

ڕەنگە بێ وێنەیەکاری کردۆتە سەر ئەم پیاوە هەڵکەوتووە کە پاش کۆچی دووایی ئەو پڕ بە دەم هاوار ئەکات کە ئیترژیانی ناوێت ، بەشەش چامەی دوورو درێژ جۆری شیوەنی بۆئەکات بڵێسەی ئەگاتە گەردون لێرەدا ئەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە مەولەوی لە ڕۆژێك دا ئەمەی کردووە لە سەرانسەری کوردستاندا هەر پیاوێك خێزانەکەی بمردایە نەنگ بوو زویر ببوایە ، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم لەو ڕۆژەدا باوەڕی وابووە ئافرەت نیوەی گەلەو ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نی یە کە مەولەوی لەم بارەیەوە چەرخێك پێشکەوتووتر بووە لە پیاوانی هاوچەرخی بێگومان با وایە چونکە تازە ئەمڕۆ باو وایە هیچ جیاوازیەك نیە لە میانەی ئافرەتو پیاودا .

دووای ئەمە ئینجا لە هەندێك لەو هـۆنراوانە بدەێین کە بۆ خاتو عەنبەری وتووە لە پێشەوە بەم تاقە هۆنراوەیە دەست پێ بکەین کە لەوە ئەچێت لە کاتی ژیانیدا بۆی وتووە :

تا وە [١] زوڵف و ڕووی تۆ تەماشا مەن

ئەدای [٢] نۆمای [٣] فەرز صبح و عیشا مەن

واتە تەماشا کردنی زوڵفو ڕووی تـۆم بـۆ هەڵسوڕێت وا ئەزانم خەریکی نوێژی بەیانیو خەوتنانم ، چونکە ڕووت بەیانی زوڵفت شەوم بیر ئەخاتەوە . مەولەوی پیری دەست گیرو خوێندەواری ئایینی هەڵکەوتوو پێنج فەرزەی ئایین ئەکات بە دووان و ئەویش هەر تەماشا

١ـ وە = بە　　٢ـ ئەدا = بەجێ هێنان　　٣ـ نوما = نوێژ

کردنی زوڵف و ڕووی خاتو عەنبەرە . ئایا بەلاغەت و موبالەغە لەمە زیاترو سەربەستي بیر لەمە باشتر ئەبێت ؟.

دووای ئەمە بابچینە سەر ئەو هۆنراوانەی کە لە شیوەنی خاتو عەنبەر وتویەتی خۆ دیارە ناتوانین باسی هەموویان بکەین بەڵکو لەسەر ئەو یاسایە ئەڕۆین کە ئەڵێت مشتێ نموونەی خەروارێکە جارێ بەم تاقە هەڵبەستە دەست پێ ئەکەین کە خەبەری مردنەکەی پێ ئەدات :

قازان [١] قەتـاران [٢] قولنکان هەوایی
حەیفە باڵای لەیل شـــەو بە تەنیـــایی

واتە مەنجەڵەکان ڕیزکران ، پاچ و قولنگ بەرزکرانەوە ، ئای چەند حەیفە دووا ئارامگە بۆ لەیل دروســـت ئەکەن کە بە تەنیا تیایا ڕاکشێت .

خوێندەواری بەڕێز سەرنج لە یەکەم نیوەی هەڵبەستەکە بدە لە قازان و قولنکاندا بەلاغەت و تەوری یەی ئەدەبی بەقەد تەڕەتۆڵەکەی بەهار زۆرە کە ئەمە هەر لە دەست مەولەوی هاتووە .

دووای مردني خاتو عەنبەر لە یەکێ لە شیوەنەکانیدا ئەڵێت :

هەرچی بوینۆن [٣] شێوەی تـۆ پیشەن
دڵ وەهەتیـتەی [٤] حەسرەتا کیشەن

---

١ـ قەزان = مەنجەڵ ٢ـ قەتاران = ریز

٣ـ بۆنیۆن = ئەبینم ٤ـ هەتیتە = تەحتە بە توند

شاڵی تیوە ئەپچڕێنت تا ساف بێت .

هەر ماهی نەوبـــۆ حالم پەشێوەن
چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆ پێوەن

نەشــــەو ڕاحەتــم نەڕۆ دلـشادم
شەو زولف ڕۆرووت مەوزۆ [١] نەویادم

شمشادو نێرگس وەنەوشەی چەمەن [٢]
سەیرە شان ئازار بی نایی چەمەن

ئاد [٣] مارۆ [٤] بەویر [٥] تەرزەکەی باڵات
ئەو دیدەی مەستت ئەو خاڵ ئاڵات

وە مەرگت دیـــدەم هام نەگوزەردا
منیچ لام لای تون ئــارۆ یافەردا

پوختەی هۆنراوەکان :-

هەرچی ئەبینم شێوەی تۆی تێدایە بۆیە دڵم پڕ ئەبێت لە ئێش و ئازار ، هەموو سەری مانگێك پەرێشانم چونکە هیلالەکەی ئەبرۆی تۆم بـیر ئەخاتەوە ، نەبەشـــەو رەحەتیم هەیەو نەڕۆژیش ئـارام ،

---

١- مەوزۆ = دێنێت ٢- چەمەن = چاون ٣- ئاد = ئەو
٤- مارۆ = دێنێت ٥- ویر = بیر ٦- منیچ = منیش

چونکە ئەو زوڵف و ئەم رووت ئەهێنێتەوە یادم ، داری شمشاد و نێرگس‌و وەنەوشەی چەمەکان ئازاری چاوم ئەدەن ، نێرگس چاوت‌و شمشاد باڵات‌و وەنەوشە خاڵەکانتم بیرئەخەنەوە ، بۆیە سوێند ئەخۆم بە مەرگت منیش بەم نزیکانە دێم بۆ لای تۆ ئەمرۆ بێ یاسبەی .

ئێرەدا خوێندەواری بەڕێز مەولەوی زۆر بە ئاشکرا دەری خستووە کە دووای عەنبەر خاتون ناتوانێ تەماشای هیچ بکات چونکە هەر یەکێك لەو شتانە شێوەیەکی خاتو عەنبەری بیر ئەخاتەوە ، کەواتە ئیتر چاوی پێویست نی‌یە ، بۆیە دووای ئەو کوێربوو لە بەر زۆری گریان ، بڕوانە لە جێگەیەکی تردا دووای کۆچی دووایی خاتو - عەنبەری خێزانی چی پێ ئەڵێت :

چە [ ١ ] دیدە و دەماخ چەگوش و گەردەن
دووریت نمەز کام زامدار تەرکەردەن
دیدە پەی روخسار خورشید وارەکەت
یا دەماخ [٣] پەی بۆی عەنبەر پارەکەت
گۆش[٤] پەی شنۆی [٥] راز ریزەی شەکر ریز
یا گەردەن پەی بەند حەلقەی زوڵف دیز[٦]

---

١- چە = لە ٢- نمەز = نازانم ٣- پەی = بۆ
٤- گوش = گوێ ٥- شنۆ = بیستن ٦- دیز = رەش

خیل خانەی مەینەت یەند [١] ئاماو شییەن [٢]
وە صەفحەی دلدا سۆهان [ ٣ ] ساوییەن
هیچ بەندنە مەبۆ پای بەلاش پێوە
وەرنە هەی شاباز شۆخ و شەم شیوە
جەکۆ مەعدومی ئەو تاقەت دار و
ساتی وە بەدین بالات بو یارو ( ٤ )

کوزارەی هۆنراوەکان :-

لە چاوو لووتو گوێو گەردن ئازانم دووریت کامیانی زۆرتر بریندار کردووە ، چاو بۆ بینینی ڕووی وەك خۆرت ، لووت بۆ بۆن کردنی بۆنی عەنبەرینت ، گوێ بۆ بیستنی گفتو گۆ شیرینە کانت یان گەردن بۆ تێك ئالاندنی زولفە ڕەشەکانت ، خێلی مەینەتی ئەوەندە هاتو ڕۆیشتو بە لاپەڕەی دلدا هەسانی هەلسووە پێی غەمو خەفەتی پێوە بەند نابێت ، ئەگینا شۆخی شەم شێوە مەعدومی لە کوێ لە توانایا هەبوو دووای تۆ ژین بەسەر بەرێت .

بە ڕاستی ئەم تیر ئەندازیە ئەدەبیە مەگەر هەر لە دەست مەولەوی هاتبێت کە نیشانی بدات هەموو ئەندامێکی لە ئازارو سزا دایە بە هۆی کۆچی دووایی خۆشەویستەکەیەوەو دەری بخات کە لەبەر مەینەتو دەردو بەلای زۆر دلیو دەروونی جێگەی خەفەتی تری تیا

١- یەند = ئەوەندە ٢- شییەن = ڕۆیشت ٣- سوهان = هەسان
٤- بویارو = بەسەربەرێت .

ئه‌ماوه ئه‌كینا بێ‌گومان دووای ئه‌و زوو ئه‌مرد .

## چواره‌م :ـ

## مه‌وله‌وی و فه‌لسه‌فه

ئه‌گه‌ر به‌ چاوێكی وردبین و بیرێكی تیژ سه‌رنج له‌ هۆنراوه‌كانی مه‌وله‌وی بده‌ین بۆمان ده‌رئه‌كه‌وێت كه‌ زۆریان فه‌لسه‌فه‌ن ، فه‌لسه‌فه‌ی دڵداری ، فه‌لسه‌فه‌ی خۆشه‌ویستی . فه‌لسه‌فه‌ی ئایینی و پێگه‌یشتن . دوور نی‌یه‌ كه‌ ئه‌و مه‌به‌ستی له‌ زۆریـان فه‌لسه‌فه‌ی ئـایینی بێت ، به‌ڵام سه‌یر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ بۆ ژیان و له‌ دنیاش دا به‌ ئاوات و ئامانج گه‌یشتن ئه‌شێن وه‌ك له‌م هۆنراوه‌یه‌وه‌ ده‌رئه‌كه‌وێت ، هـۆنراوه‌ كه‌ زۆر دوورو درێژه‌ به‌ڵام ئێمه‌ هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌نووسین كه‌ مه‌به‌سته‌كه‌ ته‌واو بدات به‌ ده‌سته‌وه‌و واش ئه‌زانم پێویست نه‌بوو له‌مه‌ی كه‌ ئێمه‌ ئه‌ی نووسین زیاتر درێژه‌ی پێ بدات چونكه‌ ئه‌وگوزاره‌یه‌ی ئه‌و ئه‌یه‌وێت به‌م بڕه‌ هۆنراوه‌یه‌ش پێك دێت .

ئه‌مه‌ش هۆنراوه‌كه‌یه‌ :

رۆی [١] فیكر به‌خت سـیای[٢] وێم مه‌كه‌رد
په‌ی [٣] چیش هه‌ر په‌ستی په‌ری من ئاورد

---

١ـ رۆی = رۆژێك ٢ـ سیا = ره‌ش ٣ـ په‌ی چیش بۆچی

جەو فیکرەدا بیم یەك هام دەرهی وێم (١)

ریـــیزەی بلـــووریٚ قەدیمش دا پـــێم

ئـــا ماوە جواو ڕیـــزەی قەدیم ســاڵ

بە زوبـان حاڵ فەصیح تەرجە قـــاڵ

وات من سەنگی [٢] بیم کەفتەی هەواران

بیٚ قەدر و قیمەت نـــا ڕەوای شاران

گرتم نەگەردەن بیٚ باك و شـــادان

بەلای پیپیك[٣] سەخت کوورەی ئوستادان

ورد بیم جۆشـــم [٤] وەرد تا ویامەوە[٥]

تـــاوە روتبەی بەرز ســـەر نیامەوە

بیم وە بلـــووریٚ پڕ جە ســـەفا و نوور

لایەق وە سوحبەت بەزم ســـەلم و توور

---

١ـ پەی چیش = بۆچی ٢ـ وێم = خۆم ٣ـ سەنگ = بەرد

٤ـ پیپیك = چەکوشی گەورە ٥ـ جۆشم وەرد = جۆشم خوارد

٦ـ تاویامەوە = توامەوە

گاماوای سەهبای کۆنەی پڕ تأسیر
نەشئە بەخش حاڵپەی پوڕ [١] ناو پەی پیر

نە جەرگەی یاران شۆخ دیدە مەست
مەکەردەم[٢] گەردوش مەشیم [٣] دەس وەدەس

جەو بێ قیمەتی وە قیمەت یاوام
وە پایەی روتبەی عالی سەر ساوام

مەعدومی سەر شار بەزم دل ریشی [٤]
تاتویچ چون یاران تەسدیع نەکێشی

کەی مەشی (٦) نەسلك یاران هام دەم
کەی روتبەی عالی مەوینی وە چەم

هەرکەس تەوەلوو دووبارەش نیەن
ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نیەن

هانە ئەشکەنجەی پەستی ی نەنگ
تا مەنزل گیرو نەسایەی [٧] سەنگ دا

---

١/ پوڕنا = لاو ٢/ مەکەردەم = ئەم کرد ٣/ مەشیم = ئەڕۆیشتم
٤/ ریش = بریندار ٥/ تویچ = تۆش ٦/ مەشی = ئەڕوێت
٧/ نەسایەی سەنگ دا = لە ژێر بەردا واتە لە گۆڕدا .

جارێ لە پێشەوە ناوەرەی هۆنراوەکان یەکە یەکە ئەنووسین دووای ئەوە بیرو ڕای خۆمان دەرئەبڕین .

١/ ڕۆژێك بیرم لە ڕەشی بەختی خۆم ئەکردەوەو ئەم وت بۆچی ؟ پەستی و نزمی هەر بۆمن بێت .

٢/ لەو بیر کردنەوەیەدا بووم هاو دەردێکم پارچە بلوورێکی کۆنی دا دەستم .

٣/ رزیوە کۆنە ساڵەکە بە زمانی حاڵ کە ئاشکراتر بوو لەزمانی قاڵە هاتە قسەو .

٤/ وتی من بەردێك بووم کەوتوو لە هەوران بێ نرخ و نارەوا .

٥/ بە شادی و خۆشیەوە خستمیانە ژێر پییك و دەسگای وەستایانەوە

٦/ بە چەکەش و پییك وایان ورد کردم لە کورەدا توامەوە و کەوتمە برەو .

٧/ بووم بە نازورێك شایانی کۆڕو بەزمی سەلم و توور .

٨/ هەندێك جار پڕبووم لە مەیی کۆنی خۆش بەخش بە لاوان و پیر

٩/ لە بەزمو نۆڕدا بە دەست چاو مەستیانەوە هاتوچۆو ئەم دەس و ئەو دەسم ئەکرد .

١٠ـ لەو بێ بایەخی و نرخ کەمیەوە هاتمە برەووپایەی بەرزم وەرگرت

١١ـ مەعدووی شاری مەینەتی و دڵ بریندار تۆش ئەگەر وا زەحمەت نەکێشی ؟

١٢ـ چۆن ئەچێتە ریزی دۆستەکانت و چۆن بەرز ئەبێتەوە .

١٣ـ ئەوەی پەروەردەی دەردو ئازار نەبێت ئەستێرەی نادرەوشێتەوە

١٤ـ هەر لە ئەشکەنجەی نزمو پەستی دا ئەمێنێتەوە تا ئەمرێت و ئەچێتە ناو گۆڕەوە .

خوێندەواری بەریز باش سەرنج لە هۆنراوەکان بدەیت ئەبینیت کە مەولەوی لە هەڵبەستی ژمارە دەو دوانزەدا عیبارەتی روتبەی عالی دووجار بەکار ئەهێنێت لێرەدا من لەگەڵی نیم چونکە لە بڕە هۆنراوەیەکدا عیبارەتیك دوو بارەکردنەوە خۆی نی‌یە بە تایبەتی بو شاعیرێکی بەرزی وەك مەولەوی . بەڵام لە ڕووی مانا وە وەك لە پێشەوە وتم هۆنراوەکە زۆر بەرزو فەلسەفەیە چونکە ئەوە ئەگەیەنێت کە مرۆف بەخۆڕایی‌و بەبێ دەردو ئازارو ستەم پێ ناگات ئەمە یاسایەکی سروشتی‌یە ئینجا ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی هەندیك بلێین . مەولەوی پیاوێکی ئایینی بووە ئەمەي بو پێگەیستنی ئایینی یە ، قەیناکا با ئەمەش وابێت ، بەڵام ئاشکرایەو دیارە بۆ ژیانی دنیایی‌و بەرز بوونەوەو بە ئاوات و ئامانج و ئازادی گەیشتنیش ئەبێت و کەس لە خۆیەوەو لە پڕێ نابێت بە کوڕێ‌و پێ ناگات .

لێرەدا ئەوەی کە ئەبێت لە بیرمان نەچێت ئەوەیە ئەبێت هەوڵ دان بۆ پێ‌گەیشتن لە ڕێگەی لاڕێ وە نەبێت واتە لەسەر لاشەی ئەم و ئەوو زیان بە هەژاران گەیاندن بەڵکو ئەبێت لە ڕێگەی ڕاستو پاکەوە بێت .

## پێنجەم :ـ

# مەولەوی و
# هونراوەی چیروکی

مەبەستمان لە مەولەوی و هۆنراوەی چیرۆکی ئەوە نی‌یە کە مەولەوی بە هۆنراوە چیرۆکی نووسی بێت بە پێ‌چەوانەوە جگە لە هۆنراوە ئایینی‌یەکانی هیچ جۆرە هۆنراوەیەکی لەم بابەتەوە نی‌یە بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە زۆر بڕە هەڵبەستی وای هەیە بەئاسانی ئەتوانرێت بکرێت بە چیرۆکێکی جوان و خنجیلانەو هەندێك جار ئەکرێت بە چیرۆکێکی شانۆیی‌چەند پەردەیی وەك ئەم چامەیەی :

چە [١] من تا دووری ئەر(٢) سەد فرسەنگ بۆ
ئەربـــو رازی بـــوو زوانم لە نگ بو

بەلاچیـش (٣) کـەرو بەڵام هام رازەن
فەلەك کەلەك چین چەنیم (٤) کەچ بازەن

---

١/ چە = لە ٢/ ئەر = ئەگەر ٣/ چیش = چی
٤/ چەنیم = بۆمن .

کارد (١) مەینەتەش ئیستخوان کاوان
زیای دیدەو دڵ مەگیرەم تاوان

قەڵای ویرەم (٢) سەیل هوناو بەردەبی
بورج ئاگاییم وێران کەردەبی

کێشك چی خەیاڵ خەم فام سەندەیی (٣)
دوکانچەی بەدەن بیکەس مەندەیی

فەرسەت زانایی تەریدەی (٤) قاتڵ
یەکسەر بەردەبی کاڵای(٥) گیانو دڵ

خەبەر بیم هۆشم ئاماوە (٦) بەردا
ئەم لا گیان ئەولا دڵ دام وە سەردا

لادێ ئیش سەخت ساتێ وەی ڕۆوەی
واتەم چار نیەن مەر بشۆن وە پەی

---

١/ کارد = کێرد = چەقۆ ٢/ ویر = بیر ٣/ سەندەی = سەندبوی
٤/ تەریدە = جەردە ٥/ کاڵا = کوتاڵ ٦/ ئاما = هات
٧/ لادێ = لایەك ٨ = بشۆن = بشووم = بچم

دیم ناڵچەکەی داخ دڵەی پڕ جەهون [١]
شەقڵش [٣] هانە ڕووی گەردڕای دەروون

روانتەر چە هەرس [٣] و سەد قوترەو دەو
تاوە مەکو گەی [٤] ئاسانەکەی ئەو

لالام و نالام حاشات موشکولەن
گیان فیدای تو بو یە [٥] یەڵگەی دلەن

سیوای تو ئازیز نەی زەمانەدا
کین گوزەر کەرۆ وەی ویرانەدا

نە نیم نیگایە نە کەرد قەماشا
چیدیش [٦] وینەی ماڵ یاران کەرد حاشا

جارێ بەڕیز وەك هۆنراوەکان مانای هەڵبەستەکان یەکە یەکە ئەنووسین دووای ئەوە بیروڕای خۆشمان دەر ئەبڕین :

---

١/ جەهون = حوێن ٢/ شەقڵش = نیشانەی ٣/ هەرس=فرمێسك
٤/ مەکوگە = جێگەی حەشاودان ٥/ یە = ئەمە
٦/ چیدیش = لەمنیش

١ـ له منەوە تا دووریەکەی تۆ ئەگەر سەد فرسەنگ ڕێگا بێت و
ڕازی بم زمانم بشکێ .
٢ـ بەڵام چی بکەم بەلا هاودەمەو زەمان لەگەڵم کەچ بازی ئەکات
٣ـ کێردو چەقۆی مەینەتی ئیسقانەکانمی بڕیوە . ڕووناکی دیدە و
دڵ لۆمەم مەکە .
٤ـ قەڵای بیرم لافاوی خوێناو بردبویی و بورجی هوشیاریمی وێران
کردبوو .
٥ـ یاساوڵی خەیاڵ خەم بێ هۆشی کردبوو بۆیە دوکانچەی لەش
بەبێ یاساوڵ مابووەوە
٦ـ جەردە هەلی دەست کەوتبوو کوتاڵی دڵو گیانمی برد .
٧ـ کە هۆشم هاتەوە تەماشام کرد دڵو گیانم نەماوە .
٨ـ لایەك ئیشی سەخت و ساتێ گریان و ڕۆ ڕۆ وتم چار نی یە
مەگەر بچم بە دووای دا .
٩ـ کە تەماشام کرد شوێنی پێڵاوەکەی لە دڵو دەروون دیارە و
نیشانەکە ئاشکرایە .
١٠ـ خێراتر لە فرمێسك بە گوڕ ڕۆیشتم تا گەیشتمە مەکوکای ئەو
١١ـ لەوێ گریام و ناڵانم وتم ناتوانی حاشام لی بکەیت چونکە
گیان کە لای تۆیەو دەمێکە براوە ئەوە بەڵگەی دڵە .
١٢ـ سەرەڕای ئەوەش لەم زەمانەیەدا کەس بەم وێرانەیەدا گوزەر
ناکات تۆ نەبیت ، [ مەبەستی لە وێرانە دڵی خۆیەتی ]

١٣ـ نەئاوڕی لێ دامەوەو تەماشای کردم وەك دۆستەکانم حاشای لە منیش کرد .

مەولەوی لەم هـۆنراوانە لە ڕووی گوزارەو مانـاوە کەبشتۆتە پـۆپە چونکە لە هۆنراوەی یەکەم دا بەهیچ ڕەنگێك قایل نابێت لەدووری خۆشـەویستە کەیەوە دوور بێت جا بۆ ئەوەی ئەمە بێتە دی ئەبێت لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا ببن بە یەك دڵو گیان ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هۆنراوەی مەولەوی وەك لە پێشەوە وتمان دوو دوو و سێ سێ مانایان بەستراوە بە یەکەوە کە یەك یەك مانایان لێك بدەینەوە هۆنراوەکان سەربەخۆ ناوەرەیان تەواو جوان نی یە .

لە هۆنراوەی حەوتەم دا ئەڵێت کە هۆشم هـاتەوە بەر خۆم تەماشام کرد دڵو گیـانم نەماون ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت جەردە [ مەبەست خۆشەویستەکەیەتی ] دڵ و گیانی بەیەکەوە بـردووە ؛ کەچی لە هۆنراوەی یانزەهەم دا ئەڵێت گیانم کە لەلاتە بەڵگەی ئەوەیە کە دڵیشم هەر لە لای تۆیەو لە هۆنراوەی سیانزەهەم دا ئەڵێت ئاوڕی لێ نەدامەوەو حاشای لی کردم ، ئیتر نازانم چۆن چۆنی گیانی ئەکات بە بەڵگە بۆدڵی خۆ جەردەکە نەی وت گیانت لەلای منە ..؟ ئەمەش سەرنج ڕائەکێشێت .

## شەشەم :ـ

# مەولەوی و
# مەی و نەی

مەولەوی بە پێچەوانەی زۆر لە پیاوە ئایینی یە گەورەکانی ئەو چەرخەوە ئەم بە هەڵبەست لەگەڵ مەی و نەی دا ئاشنایی زۆربووە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو مەی خۆر بووە ، بەڵێ ڕاستە ئەو مەیەی کە ئەم مەبەستی بووە لەگەڵ پیاوە ئایینی یەکانی ئەوچەرخەدا مەیەکی [ مەعنەوی ] بووە بەڵام هۆنراوەکانی کە لە بابەت مەی و نەیەوە وتویەتی ئەوەندە پیرۆزی و بەرزی داوە بە مەی مەی خۆرە دنیایی یەکان پێش پیاوانی ئایینی بە هیمنی خۆیان زانیوە ، تەماشای ئەم تاقە هۆنراوەیە بکە بەرزی مەیی گەیاندۆتە کوێ :

هەر عەمارەتێك بتەوێ باقی بێ [١ ]
ناوی مەی خـاك خلتە بە نا سـاقی بێ

---

١ـ مەولەوی لە بەر ئەوەی پەیـوەندی لەگەڵ سـلیمانیدا زۆر بووە گەلێ جار هۆنراوەی بەشێوەی سلیمانی وتووە ، جاریك کە ئەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ مەریوان ـ پێی ئەڵێن مەڕۆڕەوە . ئەڕۆیتەوە چی ئەکەیت ؟ لە وەڵام دا ئەڵێت :

گوریسی مەینەت ئەدەم وەشانا      کێشەی غەم ئەکەم لە مەریوانا

ئەمەش نموونەیەکی تر لە باسی مەی دا :

هەروە [١] زۆر مەندەن نیم [٢] نەفەس باقی
وادەی دەورەتەن هانا هەی ساقی

دەوری دەروەناز وە پیالەوە
ژەنگ دلم وە جام مەی بمالەوە

خوێندەواری بەرێز : چاوت لەم پەنا بردن و هاوارە بێت بۆ ساقی بۆ ئەوەی بکەوێتە لەنجەو نازو بەپیالەی مەی ژەنگی دلی بمالێت ، لێرەدا وشەی مالین ئاو جوانیەی تێدا هەیە کە ژەنگەکە بە جارێك لائەبات ، دووای ئەمە چونکە زانیویەتی بەزمی مەی بە نەیی و مۆسیقا گەرم ئەبێت بۆیە ئەلێت :

ساقی مەی هەی داد موغەنی چەنگی[٣]
نەی چی های فریاد موترب ئاهەنگی

گەرمی مەی نەواو کزەی دەف و نەی
تێکەل بۆ چەنی زایەلەی وەی وەی

---

١/ وە = بە  ٢/ نیم = نیو  ٣/ چەنگ = ئالەتێکی مۆسیقایە
٤/ زایەلە = دەنگی دووبارەی شیوەن

ناوەرەی ئەم دوو هۆنراوەیە چونکە زۆر ئاشکرا نی یە لیکی ئەدەینەوە :—

مەی کیرمەی بینە ، گۆرانی بیژ ئامرازی چەنگ هەلگرە ، نەیچی هاوارە ، گۆرانی بیژ ئاهەنگی بلی . تا گەرمی مەی لە گەل نەوای کزەی دەف و سۆزی نەی تیکەل بیت بە دەنگی دوو بارەی وەی وەی • لیرەدا رەنگ بوو دوایی بەم باسە بی نین بەلام لەبەر ئەوەی ئەم دوو برە هەلبەستەی لای خوارەوە گوزارەیەکی تریش دەرئەخەن بۆیە لەسەر باسەکە ئەرۆین ئەویش ئەوەیە کە مەولەوی بەو پایە بەرزەیەوە لە ئەدەبدا لە خۆی بایی نەبووە وەك هەندی شایەر کە کەسی تر بە شاعیر نازانیت بەلکو بە پیچەوانەوە ئەو خۆی وا نیشان ئەدات کە ئەوان لەم شاعیرترن کە ئەمەش بەرزترین پایەی رەوشت و خوو دانایی مەولەوی نیشان ئەدات کاتیك ئەلیت:

فەلەك داد چە دەرد بی دەواکەی تۆ
موغەنی فریاد ئەو نەواکەی تــۆ

بولەندکەر مەقام [ دلسوز ](۱) وەراسی
تەنزیلەش فەردگەل[۲] خالوی کوماسی

---

۱/ دلسۆز = مەقامیکی گۆرانی کوردی باوی چەرخی نۆزدەهەمە •

۲/ گەل = ئامرازیکی کۆکردنەوەیە وەك گاگەل ، مەگەل هتد ••

پوختەی هۆنراوەکان :ـــ

فەلەك هاوار لە دەست دەردی بێ دەرمانت ، گۆرانی بێژ دەستم داوێنت ئەوا کەوت بلێ . بەبەرزی مەقامی [ دڵسۆز ] بلێ بەمەرجێك سەربەنگەکەی شیعری خاڵۆی کۆماسی بێت ( مە بەستی احمد بەگی کۆماسی یە ) . لیرە دا بە ئاشکرا نیشا ی ئەدات کە هۆنراوەی کۆماسی لە هینی خۆی بە بەرزترو پڕ سۆزتر ئەزانێت کە ئەمەی دەرکەوتووترین بەڵگەیە بۆ دانایی‌و هوشیاری لە ئەدەبدا .

ئەمەش نموونەیەکی ترە :

تاکەی تۆ بەو زام من وەی دەر دەوە
تـۆ یەو کاوەوە [١] من یەی هەردەوە

ئەشریف باوەرە جەرگەمان جەم بوو
یەڵ وەی جەم [٢] خەمی جەلامان کەم بوو

بیسارانیەن نەتـوی فەرد من
خەم چەنی خەمان زوو مەیۆ سـاکن

---

١/ کاوە = شاخ ، چیا .

٢/ جەم = کۆ

گوزارەی هۆنراوەکان :-

تاکەی تۆ بەو برینو من بەم دەردەوە ، تۆ بەو شاخەوەو من بەم هەردەوەوە ، تەشریف بێنە یاکۆ ببینەوە بەڵکو بەو کوبونەوەیە خەمێکیان لەلاکەم بێت ، شێوەی هۆنراوەی بێسارانی لە هۆنراوەکانەوە دیارە ، چونکە ئەو زۆر کەساس بووە بۆیە هۆنراوەکەی وەك زامێك وایە بە دووای زامێکی تردا .

ئەم رەوشتەی مەولەوی کە شاعیرەکانی تر وەك کۆماسی و بێسارانی لە خۆی بە بەرزتر ئەزانێت و خۆی بە هیچ لە گەڵ رەوشتی هەندێك شاعیر کە هەر خۆیان بەشت ئەزانن و کەسانی تر بە هیچ ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە مەولەوی داناو رەوشت بەرزو خوێندەوار بووەو ئەو جۆرە شاعیرانەش کوتە خوێندەواوو بێ ئاگان لە ئەدەب و رۆشن بیری .

## حەوتەم :-

## مەولەوی و
## هەلپەرکێی و رەش بەلەك(١)

مەولەوي وەك لە باسەکانی لەمەوپێشدا وتمان لە زۆر بابەتەکانی

---

(١) هەلپەرکێي رەش بەلەك ئەو هەلپەرکێیە ژنو پیار پێکەوە هەڵ ئەپەرن .

هۆنراوەدا سەرکەوتوو بووە ، بەلام بەلای منەوە لە وەسفی هەڵپەڕکێی ڕەش بەڵەك دا گەیشتۆتە بەرزترین پۆپە چونکە باشترین ئامڕازی فۆتۆگراف کە تا ئەمڕۆ هاتۆتە کایەوە ئەو جۆرەیە کە وردو درشتی دیمەنێك بەرەنگەکانی خۆیانەوە نیشان ئەدات وو ێنەیان ئەکێشێت . ئەم بە هۆنراوە دیمەنی هەڵپەڕکێ یەکی ڕەش بەڵەك وا نیشان ئەدات وەك مرۆڤ خۆی لەوێ بووبێت و لە بەر چاوی رووی دابێت ، بەوەشەوە نەوەستاوە نەهێنییەکانی دڵ و دەروونی بەزم گێڕەکان و تەماشا کەرەکانیشی بە ڕەنگێك دەرخستووە مەگەر هەر لە خۆی هاتبێت یان وەك لە دڵ و دەروونیاندا بووبێت وایە .

مەولەوی کە پیاوێکی گەورەو ناوداری ئایینی بووە لەو ڕۆژەدا ئەبوو بە لای ئەم جۆرە باس و ڕەنگە هۆنراوانەدا هەر نەچوایە کەچی وای بۆ چووە تۆ وائەزانیت کە هەرزە کارێکی هەمیشە سەرچۆپی کێشی شایی ڕەش بەڵەك بووە ، سەبر ئەوەیە لە کاتی ئەم شایی و هەڵپەڕکێیەدا ئەو خۆی لەوێ نەبووە بەڵکو هاورێ یەکی کەوا دیارە خاڵوی کۆماسی بووە بۆی نووسیوە و ئەم لە وەلام دا بە دوورو درێژی بە چامەیەکی نایاب وەسفی هەڵپەڕکێکەی بۆ ئەو نووسیوەتەوە .

نامەي نەفتەنیت (١) یەك رۆ باد (٢) ئاورد
کلپەی بلێسەم کوورەم زیـــاد کەرد
دەلاَلەت (٣) جۆشو چون رۆی ( ٤ ) ئازادی
گەرمەی گەرم نەزم بەزم پــڕ شـــادي
سەدای لاوەی (٥) لاوزڕەی زەڕ زنجیر (٦)
سلسلەو بانی سەر بەندەر (٧) زی و لاگیر (٧)
زیلـــەی گـــوارەو زرنگەی زنگلەی (٩) زەڕ
لەرزەی نەونەمام لەرەی لیمۆی تەڕ ( ١٠ )

---

١ نەفتین = نەوتین ٢ باد = با
٣ دەلاَلەت جۆشۆ = میهرەبانی هاتبووە جۆش
٤ رۆی ئازادی = رۆژی جەژن
٥ لاوەی لاو = مەقامیکي کۆنە
٦ زەرزنجیر = جۆرە خشلێکە ٧ بەندەرزی = خشلە
٨ لاگیر = لاگیرە .
٩ زنگڵەی زەڕ = زنگڵەی ئالتون
١٠ لیمۆی تەڕ = مەبەستی مەمکە .

شـــەوق و زەرق و بەرق فەرق زەر کڵاو
ورشەو پرشـــەی خۆی کوڵم بو کـــوڵاو

شـــەقەو تەقەی گەرم چەپڵەو چیـــلەی[١] نەرم
چریکەی [٢] وەناز تریکەی [٣] وەشـــەرم

سەمای دەسماڵان ڕەمای [٤] نەوهاڵان [٥]
نەمای [٦] مەلالان نمای [٧] وەش حاڵان

چفەی گەردن کەچ مەرگ من چیش واچ
خاین وە خەفەت ، نەزان جگەر پـــاچ

لارەی قـــەتـــارەی لاو شـــەدە لاران
ئیشـــارەی کەم کەم پەنـجە و شـــاران

---

١/ چیلە = پێکەنین ٢/ چریکە = گۆرانی
٣/ تریکە = پێکەنین ٤/ ڕەما = ڕاکردن
٥/ نەوهاڵ = نەمام ٦/ نەما = نەمـان
٧/ نما = نواندن ٨/ چفە = چرپە .

شـاخەی شریخەی خشڵ نیـمە [١] ڕەنگ
فڕەی فوتەی شۆڕ پاژنوی گوڵنگ [٢] جەنـگ

خشەو خشپە خاس ترپەی پەنجەی کـەوش
عیشوە و نەزاکەت گـریشمەی [٣] بـێ خەوش

وە لیمۆی ئـالآی کالآی بالآی شـەنگ
قرچەو چۆقەی جەرگ دڵ وە خەمان تەنگ

خەمیاو [٤] چەمیای [٥] ناز نیمچە [٦] کناچان
دەنگ هەی شـاباش نەوجەوان واچـان

شـاباشی شـادی شـەیدای شـاباشـان
خاس خاس کزەی سـۆز دەروون خاش خاشان

یاران یـاوەران هەی دەردە داران
بەیدێ [٧] بکەردی [٨] من سەنگە باران

---

١/ نیمە ڕەنگ = کاڵ ٢/ گوڵنگ چەنگ = گوڵنگ لار
٣/ گریشمە = تەماشا بە تیلەی چاو ٤/ خەمیا = لاربوونەوە
٥/ چەمیا = چەمانەوە
٦/ نیمچە کناچان = کچی تازە پێگەیشتوو = کچۆلە
٧/ بەیدێ = وەرن ٨/ بکەردی = بمکەن

چه نەحسی تالەو چه بەد ئیقبالیم [١]
هەر کو فرسەتەن من یاگە خەیالیم
خالۆکیان ئامان پەی نەو نەمامان
کیان وە موبەت پەی مەعدوم ئامان [٢]

---

لێرەدا ئەمەوێت پێش ئەوەی بچمە سەر باسی لێك دانەوەی هەڵبەستەکان بە خوێندەوارانی خۆشەویستی ڕابگەیەنم کە هەڵبەستەکان بێجگە لە دووانەکەی پێشەوەو سییانەکەی دوواوە ئەوانی تر هەریەکە یان دیمەنێکی هەڵپەڕکێی ڕەش بەڵەك نیشان ئەدات کە هەمووشیان لە یەك بدەیت بە تەواوی شێوەیەکی زۆر جوان بەزمەکەت بو دەرئەکەوێت .

---

١/ ئەم هۆنراوەیە بەم ڕەنگەش نووسراوە :

چه نەحسی تالەو چەبەد ئیقبالیم
هەرگا بەزمی بو من جاگە خالیم

٢/ ئەم هۆنراوەیەش لە جێگەیەکی تردا بەم ڕەنگە نووسراوە :

خالو کیان ئامان پەی نەو نەمامان
کیان دان وە مووبەت پەی تووپەی مەعدوم ئامان

ئەمەش مانای هۆنراوەکانە :-

١- ڕۆژێك با نامەیەکی نەوتینی تۆی بۆ هێنام بۆیە کڵپەی بڵێسەی ئاگری دەروونم بەرز بووەوە .

٢- وەك ڕۆژی جەژن خۆشەویستی تێدا ئەدرەوشایەوەوگەرمی بەزمی پڕ شادی ئەنواند .

٣- وای ئەنواند کە دەنگی ( مەقامی لاوهەی لاو ) لەگەڵ زرەی زەڕ زنجیرو خشڵەکانی تر تێکەڵ بوو بوو .

٤- لەلایەکی ترەوە زیلەی گوارەو دەنگی زەنگڵەی زێڕو دیمەنی لەرزەی کچەکان لە کاتی هەڵپەڕکێ داو لەرینەوەی مەمکەکانیان

٦- بریقە بریقی کڵاو زەڕو تەوقە سەرەو ، ورشەو پرشەی عارەقی ڕوومەتە نیگا جوانەکان .

٦- شەقەو تەقەی گەرم و چەپڵەو پێکەنینی بەرزو مەقامی چریکە و پێکەنینی بەشەرم لە لایەکی ترەوە .

٧- ڕاکردنی منداڵان بە ناو هەڵپەڕکی کەداو خۆ نواندنی دڵ خۆشەکان دیمەنێکی تری شایی کە بوو .

٨- سەرخوارکردنەوە و چرپە لەگەڵ ئەوی تەنشتی و سوێند دانی یەکێکی تر کە بزانێت چرپەکە چی وت ، خەفەت باران زیاتر دڵو دەروون بریندار ئەکات .

٩ـ ریزو قەتارەی سەرو کڵاو لارەکان لەگەڵ دەستی یەکتر گوشین بە شەرمو نازەوە .

١٠ـ شاخەی شریخەی خشڵە کاڵەکان لەگەڵ لەرینەوەو بەرز بوون و نزم بوونی کۆڵوانە گوڵنگ دارەکان .

١١ـ دیمەنێکی تری هەڵپەڕکێ کە : خشپەی تایبەتی کەوشەکان کە سووك ئەدران بەسەر زەوی داو تیلی تەماشای چاو ڕەشەکان بەبێ فرۆفێڵ و داوێن پیسی .

١٢ـ دڵ تەنگی خەمبارەکان بە دیمەنی کاڵای باڵای شۆخو شەنگەکان زیاتر چۆقەی تێ ئەکەوێت .

١٣ـ لاربوونەوەو چەمانەوەی کچە تازە پێگەیشتووەکان بە نازەوە ، شاباش کردنی لاوە دڵگەرمەکانی دڵداری .

١٤ـ ئەو شاباشەی کە شەیداکان بەگزەو سۆزی دەروونی بریندارەوە ئەی کەن .

دووای ئەوەی مەولەوی بەم چەند هۆنراوەیە بەشێوەیەکی وردو جوان دیمەنی هەڵپەڕکێکەی نیشاندا ئینجا ئەکەوێتە سکاڵا بۆ حاڵی خۆی .

١٥ـ هاوڕێ و هاودەم و هاوراز وەرن من بەردەباران کەن .

١٦/ لە بەربەدبەختی و چارە ڕەشیم لەهەر کوێیەك بەزمێك ببێت
من لەوێ نیمو جێگەکەم خاڵی یە ٠

١٧/ خاڵۆگیان : وا دیارە لە وەڵامی خاڵۆی کۆماسی دا ئەڵێت :
خاڵۆ گیان بۆ نەونەمامانو تازە پێگەیشتوان ناشیێ گیان لەڕێی
خۆشەوبستیدا ببەخشن ئەوە کارو پیشەی مەعدومەیان هەربۆمنو
تۆ باشە ٠

خوێندەواری بەڕێز :

وا ئەزانم ئیتر کۆتایی بەباسەکە بێنین باشە تەنیا ئەوەندەت
پێ ئەڵێم کە تۆ خۆت دیمەنی ئەو کچە شۆخو شەنگە بێنە رە بەر
چاوت کە لە هۆنراوەی چوارەم دا نیشانی داوە کە بە دەم
هەڵپەڕکێی بە نازەوە لەشی ئەلەرزێت و مەمکە جوانەکانی وەك
لیمۆی سەر لق ئەلەرێنەوە . لەگەڵ دیمەنی کچە تازە پێگە یشتووە
کانی هۆنراوەی سیانزەهەم دا کە چۆن چۆنی بەنازو شەرمەوە خۆیان
لار ئەکەنەوەو ئەچەمێنەوە لە کاتی هەڵپەڕکێ داو لە ژێرەوە بە
تیلایی چاو تەماشای هەرزەکارەکان ئەکەن .

ئیتر وا ئەزانم پێ نووسی وەسف لێرەدا ئەوەستێت ...

# سەرچاوەکان

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :

١/ دوو بەرگ أصلی روحی مەولەوی نووسینی ( پیرەمێرد ) ی ئەمر
چاپی سلیمانی

٢/ دیوانی مەولەوی نووسینی مامۆستای مەزن مەلا عبدالكريم‌مدرس
چاپی بغداد

٣/ مێژووی ئەدەبی کورد نووسینی مامۆستای ناو دار علاءالدين
سجادی . چاپی بغداد

٤/ بلاو کراوەی شارەوانی سلیمانی / چاپی سلیمانی

٥/ گۆڤاری کەلاوێژ / چاپی بغداد

٦/ رۆژنامەی ژیان ، ژین ، پیرەمێرد / چاپی سلیمانی

٧/ دیوانی مەولەوی دەست نووسی مامۆستای کۆچ کردو نجم‌الدين
مەلا

٧/ تێ بینیەکانی شـێخ فرجی چنارەیی ( کە وەك خۆی ئەی وت
مەولەوی دی بوو بۆ منی باس کرد ) .

٩/ چوارینەکانی عمر خيام وەرگێراوی بۆ کوردی شـاعـیری بەرز
شیخ سەلام چاپی بغداد .

١٠/ چیرۆکی مەم‌و زین نووسینی پیرەمێر چاپی سلیمانی .

# سوپاس

سوپاس ماموستا باقی علی یاریدەدەی قوتابخانەی گۆیژەی کوڕان ئەکەم کە یارمەتی دام لەنووسینی ئەم پەڕاوەدا بەم شێوەیە .

# چاپ کراوەکانی نووسەر



١/ دڵداری و پەیمان پەروەری چیرۆکی
شانۆ ١٩٤٣ چاپی بەغداد .

٢/ ئازار و ئاوات بەشی یەکەمی هۆنراوە
ساڵی ١٩٥٦ چاپی بەغداد .

٣/ سەلاح الدین و فیلی بەنگ کێشەکان
بەرچڤە لە عەرەبی یەوە ١٩٥٦
چاپی بەغداد .

٤/ بیری ئازادی ڕێگەی ڕزگاری یە چیرۆکی شانۆ ساڵی ١٩٥٦
چاپی بەغداد .

٥/ بەرهەمی خەبات بەشی دووەمی هۆنراوە ساڵی ١٩٥٦ چاپی بەغدا

٦/ مێژووی نوێ بۆ پۆلی شەشەم بەرچڤە لە عەرەبی یەوە بەهاوکاری
مامۆستا صالح قەفتان چاپی بەغداد .

٧/ بووکی ژێر دەواری ڕەش چیرۆك ساڵی ١٩٦١ چاپی بەغداد .

٨/ صلاح الدین الایوبی اسد القارتین باللغة العربیة طبع بغداد .

٩/ دەستوری نووسینی زمانی کوردی بە پیتی عەرەبي ساڵی ١٩٦٨
چاپی سولەیمانی .

## ئەوانەی چاوەڕێی چاپ کردنن

١/ چیرۆکی بێ ناو .

٢/ بلێسەی هەڵبەست بەشی سێیەمی هونراوە .

٣/ بیرەوەری من لە ساڵی ١٩٢٥ ز وە تا ساڵی ١٩٧٣ ز

ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی بەغدا ١٣٩ ی ساڵی ١٩٧٣

نرخی [١٢٠] فلسە    ١٩٧٣/٣/٦    ١٠٠٠/٩